گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی دەرهێنەر لەبەکارخستنی سیمبول و ماناشاراوەکانی جینۆساید لە فیلمی کوردی

## فیلمی "ڕەشەبا" وەک نموونە

**کریم غفور فتاح**
بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق
kareemokfilm@gmail.com

**پ.ی.د. ژیلوان طاهر بایبر**
بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق
zhilwan.tahir.66@gmail.com

### زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٢/١٠/١
پەسەندکردن:٢٠٢٢/١٢/١
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان:**
Role, Director, Genocide, Symbol, Cinema,

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.4.19

### پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی دەرهێنەر لە بەکارخستنی سیمبول و ماناشاراوەکانی جینۆساید لە فیلمی کوردی، فیلمی "ڕەشەبا" وەک نموونە) بریتییە لە بەدواداچوون و شیکردنەوەی سیمبول و ماناشاراوەکانی ناو فیلمی سینەمایی کوردی، کە چۆن سیمبول وەک ئامرازێکی گرنگی زمانی سینەما بەکارهاتووە و ماناشاراوەکانی ناو فیلم لە لایەن دەرهێنەرانەوە بەکاربراوە تا لە ڕێگەی ئەم سیمبول و وێنانە گوزارشت لە بیر و بۆچوونی خۆیان بکەن و لەو ڕێگەیەوە بینەر بە ناوەڕۆک و بابەتی فیلمەکانەوە پەیوەست بکەن. ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی لە میتۆدی وەسفی کردووە، لەڕێگەی شیکردنەوە و خستنەڕووی هێما و ئاماژەکانی جینۆساید لە ناو فیلمی کوردیدا، وەک نموونە و زیاتر قوڵبوونەوە لە توێژینەوەکە فیلمی (ڕەشەبا)ی دەرهێنەری کورد "حوسێن حەسەن"مان هەڵبژاردووە تا بە وردی و فراوانی دەستنیشانی ئەو سیمبول و مانایانە بکەین کە لەناو فیلمەکەدا بەکارهێنراون، دواتر شیکرنەوەیان بەشێویەکی زانستی و پاڵپشت بە داتا و زانیاری و تیۆری ڕەخنەگرانی بواری سینەما کە لەسەر فیلم ئەنجامیانداوە.
ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە، بریتین لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوە و لایەنی تیۆری توێژینەوە، دواتر لایەنی جێبەجێکردنی توێژینەوە (شیکردنەوەی ئەو هێما و ئاماژانەی لە ناو فیلمی

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەشەبا)دا بەکارخراوە.

لە دووتوێی توێژینەوەکەدا بۆمان دەرکەتووە کە هێما و ئاماژەکان گرنگییەکی بێ وێنەیان هەیە بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی فیلم، کە دەبێتە هۆی پێشخستنی فیلمی کوردی لە شێوازی کارکردندا. هەروەها قوڵایی و فرە ڕەهەندی لە فیلمەکاندا دێنێتەکایەوە و فیلمەکان بەرە و ئاستێکی فراوانی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی بەرز دەبەن.

## پێشەکی:

سینەما توانای گەورەترین گوزارشتی هەیە و دەتوانێ کێشە گەورەکانی مرۆڤ لە ئاستێکی باڵاوە بگوازێتەوە و هاوبەشی و هاوئازار یان چێژ و شادی لە نێوان گەلان دروست بکات، بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەک کە خاوەنی سەدان تراژیدیا و کارەسات بێت، واتە لە ڕێی سینەماوە دەتوانرێ گەلان باشتر لە ستەم و مەینەتییەکانی یەکتر تێبگەن. هەروەها سینەما کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری و ژیانکردنێکی شایستە و بڵاوکردنەوەی بیری پێکەوە ژیان و لێبوردەیی. لەم ڕوانگەوە جینۆسایدەکانی کوردستان کە سەرەکیترینیان خۆی لە "ئەنفال و هەڵەبجە و ئێزیدییەکان" دەبینێتەوە، دەبێتە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە و لەو بارەوە فیلمێکی ئاستبەرزی کوردی وەک: (ڕەشەبا)مان بە نموونە وەرگرتوە و شیکردنەوەی بۆ دەکەین. گرنگە ئاماژەی پێ بکەین کە دروستکردنی فیلمی سینەمایی بابەتەکەی هەرچی بێت پرۆسەیەکە بە چەندین قۆناغی گرنگ تێدەپەڕێت، لە هەموو قۆناغەکاندا دەرهێنەر ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە یەکخستنی سەرجەم پێکهاتەکان و ئاڕاستەکردنیان بۆ دروستکردنی فیلمێکی سینەمایی، بۆ هەر قۆناغێکیش چەندین گروپی پسپۆر کاری تێدا دەکەن و دەرهێنەر لە نزیکەوە چاودێری کارکانیان دەکات و بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو. واتە هیچ شتێک بێ ئاگادری دەرهێنەر و تێڕوانینی دەرهێنەر ناچێت بەڕێوە، چونکە دەرهێنەر بەرپرسی یەکەمی فیلمە و هەموو لایەنە تەکنیکی و هونەرییەکان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت ڕۆڵی گروپەکانی تر نادید بگرین. گەشەکردن و پێشکەوتنی هونەری سینەماش پەیوەستە بە بوونی ژێرخان و مەعریفەیەکی قوڵی سینەمایی کە خۆی لە کتێب و بڵاوکراوەی تایبەت بە سینەما دەبینێتەوە، کەمی سەرچاوەی سینەمایی بە زمانی کوردی گرفتێکی گەورەییە، چونکە تەکنیک و تەکنەلۆژیای سینەمایی لە ئێستادا لە لوتکەی پێشکەوتندایە. لە کوردستان سینەما وەک پراکتیک هەنگاوە سەرەتاییەکانی بریوە و فیلمی کوردی ئەگەر لە ئاستی خواست و داواکارییەکانی بینەریشدا نەبێت، بەڵام چەندین کورتە فیلم و فیلمی درێژ و دۆکیۆمێنتری ئامادەیی هەیە، کەچی ژێرخانی سینەمایی کە خۆی لە بەکلتورکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سینەما و ڕۆشنبیری سینەمایی دا دەبینێتەوە هاوشانی ئەم رەوتە لە ئاستێکی زۆر لاواز داییە، بۆیە هەر هەوڵ و هەنگاوێک بە ئاراستەی فراوانبوونی پانتایی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بنرێت، کاریگەر دەبێت و خزمەت بە بواری فیلمسازی دەکات.

## ١-چوارچێوەی توێژینەوە

١-١ گرفتی توێژینەوە:

سیمبول و مانا شاراوەکان پانتایەکی فراوان لە ناو فیلمدا داگیر دەکەن، دەرهێنەران بە ئامانج و لە چوارچێوەی ئەو ستایلەی بۆ دەرهێنانی فیلمێک هەڵی دەبژێرن ئەم سیمبول و نیشانانە بەکاردێنن، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە، سیمبول و نیشانە و هێماکان پێناسە و چوارچێوەیەکی دیاریکراویان نییە و ناتوانین یەک پێناسەیان بۆ داتاشین، هەروەها تا ئێستا بە زمانی کوردی هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ئەم بوارە نەکراوە، بۆیە توێژەر بە باشی دەزانێت ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدات. گرفتی توێژینەوەکەش لەسەر ئەم پرسیارانە بینا دەکرێت:

١- ئەرکەکانی دەرهێنەر چین لە بواری کارکردن لەسەر جینۆساید؟

٢-سیمبولەکان لە ناو فیلمدا چۆن بەکارهێنراون؟

٣-گرفتی فیلمی کوردی لە بەکارهێنانی سیمبول چییە؟

١-٢ گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بۆ زۆر کەس و لایەن گرنگی خۆی هەیە:

١-دەرهێنەرانی بواری سینەما بە پلەی یەکەم لێی سوودمەند دەبن، چونکە توێژینەوەکە پەیوەستە بە ڕۆڵی دەرهێنەر و کارکردن لەسەر سیمبول و ماناشاراوەکانی جینۆساید.

٢-سەرچاوەیەکی باش دەبێت بۆ ناوەندە ئەکادیمی و هونەرییەکانی بواری سینەما لە هەرێمی کوردستان.

٣-سودێکی زۆری هەیە بۆ قوتابیانی پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەر، بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی فیلم.

٤-وەک سەرچاوەیەکی گرنگ، سوودی دەبێت بۆ ڕەخنەگر و مێژوونووس و توێژەرانی بواری سینەما.

٥-دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری سینەمایی لە ناو کۆمەڵگە.

١-٣ ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی لە هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە، ناسین و زانینی ڕۆڵی سیمبولە لە فیلمی کوردیدا، کە لەم چەند خاڵەدا دەیخەینەڕوو.

١-دۆزینەوە و دیارخستنی ئەو سیمبول و ماناشاراوەکانی ناو فیلمی کوردی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢- شیکردنەوەی ئەو سیمبولانە یارمەتی قوتابیان و توێژەرانی بواری سینەما دەدات تا باشتر لە ناوەڕۆکی فیلمەکان بگەن.

٣-یارمەتی سیناریست و دەرهێنەران دەدات تا زیاتر قوڵایی بە فیلمەکانیان ببەخشن.

٤-یارمەتی بینەر دەدات باشتر لەگەڵ شێوە و ناوەڕۆکی فیلمەکان پەیوەندی دروست بکات.

١-٤ میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاریی بەستراوە بۆ شیکردنەوەی نموونەکانی فیلمی سینەمایی لە بواری جینۆساید، ئەم میتۆدە ئامرازێکی شیاوە بۆ بەدیارخستنی کێشەی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی زانستی و هونەری بۆ نموونەی توێژینەوەکە.

١-٥ سنووری توێژینەوە:

١-سنووری کات: ساڵانی(2008-2016)

٢-سنووری شوێن: ڕۆڵی دەرهێنەر لەدروستکردنی فیلم و بەرجەستەکردنی جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکان لە هەرێمی کوردستان/عێراق (دهۆک).

٣-سنووری بابەتی: لە دوتوێی ئەم توێژینەوەدا تیشك دەخرێتە سەر پەیوەندییەکانی نیوان سینەما و جینۆساید و ئەرک و کاری دەرهێنەر وەک کارکتەرێکی گرنگ، لە چوارچێوەی ڕۆڵی دەرهێنەر لە بەکارخستنی سیمبول و ماناشاراوەکانی جینۆساید لە فیلمی کوردی. وەک نموونەش فیلمی درێژی سینەمایی (ڕەشەبا) وەرگیراوە.

١-٦ پێناسەی زاراوەکان:

یەکەم: ڕۆڵ

لەزمانی کوردیدا ڕۆڵ بەمانای ئەنجامدانی کار و کردەوەیەک دێت، لەزمانی عەرەبیدا ڕۆڵ بەواتای (قیام بعمل) و لە زمانی فارسیشدا بە مانای (نقش) دێت.

ڕۆڵ لەڕووی فەلسەفیەوە دەکرێت وەکو شێوازێکی ڕێکخراوی هەڵسوکەوت ئاماژەی پێ بدرێت، پەیوەست و گرێدراوە بە کەسێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا. (سالار، ٢٠٢٢: ٢١). ڕۆڵ لە بواری سینەمادا بریتییە لەو ئەرکەی دەرهێنەر بۆ دروستکردنی فیلمێک ئەنجامی دەدات، کەدەشێ بەشێوەیەکی بەرنامە و پلان بۆ داڕێژراو بێت.

دووەم: دەرهێنەر

دەرهێنەر بە زمانی ئینگیزی (Film director) و بە فەرەنسی (réalisateur) و بە عەربی (مخرج) و بە فارسی (کارگردان) و بە تورکی (FİLM YÖNETMENİ). پێ دەڵین. لە فەرهەنگی ناوداری

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئینگلیزی (ئۆکسفۆرد-Oxford)دا هاتووە: "دەرهێنەر کەسێکە، بەرپرسیاری یەکەمی ئەو فیلمەیە کە دروستی دەکات و بە ئەکتەر و ستافەکە دەڵێ کە چی بکەن". هەروەها لە کتێبی مێژووی سینەمادا بەمشێوەیە باسی دەکات: "دەرهێنەر ئەو کەسەی کە بەرپرسی سەرەکی گروپێکی بەرهەمهێنانی فیلمە و ئەرکی ئامادەکردنی فیلمی لە ئەستۆیە"(غەریب زادە،٢٠١١: ٤٤).

سێیەم: جینۆساید

جینۆساید چەمکێکی لێکدراوە و لە دوو وشە پێك دێت. "Genos" وشەیەکی گریکیە بە مانای وەچە یان نەوە یان ڕەگەز دێت و "Cide" وشەیەکی لاتینیە و بە مانای کوشتن یان لە ناوبردن دێت. هەردوو وشەکەش بەیەکەوە و بە کوردی بە مانای نەوە کوژی یان وەچە کوژی یان ڕەگەز کوژی دێت.(حسێن، ٢٠١٧: ٣٠). ڕەنگە دیارترین پێناسەی جینۆساید ئەوە بێت کە (رفايل ليمكين) کردی کە دەڵێ: (جینۆساید بریتیە لە کارێکی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراو بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی نەتەوە، ئاین، گروپە ڕگەزی و نەژادیەکان، بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوکان و ژیانی ئەو گروپەی کراوەتە ئامانجی جینۆسایدەکە لە ڕێگەی چالاکی جیاوازی فیزیکی و کلتوریەوە). (عبدالرحمان، ٢٠١٩: ٦).

چوارەم: سیمبول

چەمکی سیمبول لە زمانی ئینگلیزیدا (symbol) و لە فەرەنسیدا (symbol) و لە ڕووسیدا (cumbo) و لە ئیسپانیدا (simbolo) و لە زمانی عەرەبیدا (رمز) و لە زمانی فارسیشدا (نماد-نیشانە ناسی) بەکاردێت. (ئەگەرچی زاراوەی (symbol) لە گەلێک زمانەکانی جیهاندا بەکارهاتووە و دێت، بە رادەیەک دەتوانرێ بوترێ بۆتە زاراوەیەکی جیهانی، ئەو زمانانەی وەریان گرتووە بە گوێرەی یاسای فۆنەتیکی زمانەکەیان گۆڕانکارییان تێدا کردووە)، لە بنچینەدا ئەم زاراوەیە (symbol) لە کاری یۆنانی (symballein) وەرگیراوە، لە (sam) بە واتای (لەگەڵ) و (boleinl) بە واتای (بایەخ پێدان و ڕێزلێنان). (حەمەد،٢٠١٢: ٥-٦).

پێنجەم: سینەما

لە فەرهەنگی " المنجد الابجدي" بەمشێوەیە پێناسەی سینەما کراوە: "سینەما: هونەری بەرهەمهێنان و دەرهێنانی فیلمی سینەماییە". (الابجدي، ١٩٨٦: ٦١٢).

هەرواها 'مێهناز' نەزەری بەم شێوەیە باسی سینەما دەکات: "سینەما لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە بە مانای جوڵە دێت، بەڵام لەزاراوەدا سینەما بە مانای تەکنەلۆژیا و هونەرێک دێت کە بە هاوکاریی زنجیرەیەک وێنە لە حالی جوڵە و هەژاندا پەیامێک بە بینەر دەگەیەنێت". (نەزەری،٢٠١٧: ٢٢).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢-چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### 1-1-2. پوختەیەک لە مێژووی جینۆساید و کردە و تاوانەکانی لە جیهاندا.

تاوانی لە ناوبردنی مرۆڤ و قڕکردنی گروپێکی نەتەوەیی، ئاینی، ڕەگەزی، لە لایەن هێز و گروپێکی ترەوە، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و مرۆڤایەتی بە چەندین قۆناغی پڕ لە کارەساتبار و تاواندا تێپەڕیوە، تا دەگات بە ئەمڕۆ چرکەساتی تەڵخ و تاریکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، لەهەر سەردەمێکیشدا بە شێواز و ئامرازی جۆراو جۆر مرۆڤ یان گروپێک لە نەژاد و نەتەوە بە دەستی گروپێکی تر لە مرۆڤ ڕووبەڕووی لە ناوچوون بۆتەوە، (جینۆساید وەک تاوان مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام وەک "چەمک" تازەیە و لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم هاتە کایەوە). (وەڵەدبەگی، ٢٠٢١: ٤). چەمکی جینۆساید بۆ یەکەمجار لە لایەن رەفایل لیمکین (Raphael Lemkin-1900-1959)، ساڵی ١٩٤٤ هاتەکایەوە و دوای چوار ساڵ و لەبەر رۆشنایی ئەو راپۆرتانەی دەربارەی جینۆسایدی جووەکان لەلایەن رژێمی نازیەوە ئەنجامدراون، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بریارێکی دەرکرد سەبارەت بە ڕێگەنەدان و سزادانی ئەنجامدانی گەلکوژی (جینۆساید)، لەو بڕیارەدا کە لە 1948/12/9 تۆمارکراوە و بە ژمارە 260 پەسەند کراوە و لە 1951/1/12 بووە بە یاسا، جینۆساید لە گشت ڕوویەکەوە پێناسەکراوە کە بە ئامانجی وێرانکردنی سەرجەم یان بەشێکی نەتەوەیەك، کەمایەتیەك، رەگەزێك یان گروپێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی ئەنجام بدرێن. (محەمەد، ٢٠١٥: ١٩٩-٢٠٠).

-مێژووی یاسا بۆمان دەگێڕێتەوە کە یەکەمین جینۆساید لەناوبردنی ئاشوریەکانە لە نەینەوا لە لایەن بابلییەکان و ماددەکانەوە لە ساڵی (٦١٢)ی پێش زاین. (حسێن، ٢٠١٧: ٢٩).

-لە (١٢٥٧/٢/١٠)ی زاینییدا مەغۆڵ و تەتەرەکان بە سەرکردایەتی هۆلاکۆ ڕوویان لە بەغداد کرد، لە ماوەی (٤٠) چل ڕۆژدا کوشتارێکی زۆریان نایەوە، لە ناو ئەوانەشدا ژن و منداڵ و پەککەوتە و دیلیش هەبوون، ئەوەی شەڕی دەکرد و ئەوەی خۆی بەدەستەوە دەدا هیچ جیاوازییەکیان نەبوو، سەریان دەبڕین، لە ماوەیەکی کەمدا (٨٠،٠٠٠) هەشتا هەزار کەس کوژران. دواتر (مەغۆلەکان لەشکرێکی زۆریان کۆکردەوە بەرە و شاری هەولێر ڕۆیشتن، دوای شەڕێکی یەک هەفتەیی و سەربڕین و قڕکردنی کوردان لەو شارەدا دەستیان بەسەر هەولێردا گرت).( عەبدە، ٢٠١٠: ١٣).

-هێزی توندڕەو و دەمارگیری کۆمۆنیستەکان ناسراو بە (خەمیرە سوورەکان) لە پایتەختی کامبۆجیا پنۆمپنیان لە ساڵی ١٩٧٥ لە شەڕی ناوخۆدا نزیک بە دوو ملیۆن کامبۆجیایان لەناوبرد، کە دەکاتە یەک لەسەرچواری دانیشتووانەکەی، ئەمەش بە پاساوی بنیاتنانەوەی وڵاتی کامبۆجیا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-ڕوسیا لە سەردەمی (جۆزیف ستالین)دا لە پرۆسەی جینۆسایدکردنی هاووڵاتیەکانیدا، زیاتر لە حەوت ملیۆن ئۆکراینی لە ڕێگەی برسیکردنەوە ڕووبەڕووی مەرگ بوونەوە، بە (گشتی لە ساڵی 1917 – 1957 زیاتر لە شەست و شەش ملیۆن هاووڵاتی سۆڤیەتی لە ناوچوون)، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر نا ئاساییە. (عبدالرحمان، ٢٠١٩: ٢)

-لە نێوان ساڵانی 1915 – 1918 ز. لە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە جینۆسایدی گەلی ئەرمەن ئەنجامدرا، کە زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو ئەرمەنی بەبێ جیاوازی لە نێوان (ژن، پیاو، منداڵ) شاربەدەر و ڕەشەکوژ کران. دەکرێت تا ئەوکات مێژووی مرۆڤایەتی شاهیدی کاری نامرۆڤانەی لەو شێوەیە نەبوبێت. هەر وەک نووسەر و توێژەری بواری جینۆساید "محەمەد حەمەساڵح تۆفیق" دەڵی: (ساڵی ١٩١٥، بە ترۆپکی کوشتار و قڕکردنی گەلی ئەرمەن دادەنرێت لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا و بە یەکەم جینۆساید لەقەڵەم دەدرێت لە مێژووی نوێی مرۆڤایەتیدا). (تۆفیق، ٢٠٢٠: ٧). دوای تێپەڕینی سەد ساڵ بەسەر ئەو جینۆسایدەدا دەرهێنەری ناوداری ئەڵمان و بە ڕەچەلەک تورک (فاتیح ئاکین) ساڵی (٢٠١٤) فیلمێکی بە زمانەکانی (ئەرمەنی، عەرەبی، تورکی، کوردی، ئینگلیزی، ئیسپانی) بە ناونیشانی (THE CUT) دروستکرد، فیلمەکە تەواو گوزارشت لەو جینۆسایدە دەکات.

-لە میانەی شەڕی جیهانی دووەمدا، ساڵی (١٩٤٥) وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر بەرگری و خۆڕاگری جەنگاوەرە ژاپۆنییەکان، کە زیانێکی زۆریان لەسوپای ئەمریکادا، کۆشکی سپی زانی کە ئەگەر دۆخەکە بەمشێویە بەردەوام بێت ناچارن پاشەکشێ بکەن، بۆیە بڕیاری وەشانی گورزێکی کوشندەیان لە ژاپۆندا. ڕۆژی 6 ی ئابی 1945 فڕۆکەوان پۆل تیبتس (Paul Tibbets) ڕاسپێردرا بە وەشاندنی بۆمبی ئەتۆمی بۆ سەر شاری هێرۆشیما (the annihilation of Hiroshima). ئەم بۆردوومانە بووە هۆی کوشتنی نزیکەی 140.000 کەس و برینداربوونی زیاتر لە 90.000 کەس کە نزیکەی لەسەدا 95 قوربانیەکان خەڵکی مەدەنی بوون. ئەم تاوانە گەورەییە بووە هەوێنی دروستکردنی چەندین فیلمی سینەمایی و لە لایەن فیلمسازانی جیهان لە روانگەوە و دیدی جیاوزەوە چەندین فیلم لەسەر ئەم ڕوداوە دروستکران، لە ساڵی (٢٠٠٧) دەرهێنەری ئەمریکی ستیڤن ئۆکازاکی (Steven Okazaki) بڕاوەی خەڵاتی ئۆسکار، فیلمێکی بە ناوی "ڕووناکی سپی و بارانی ڕەش" لە جۆری دۆکیۆمێنتری مێژوویی بە سوودوەرگرتن لە چاوپێکەوتن و یادەوەری ئەو کەسانەی لە دوای کارەستەکەدا لەژیاندا مابوون، هەروەها ئەو وێنە و ڤیدیۆ ئەرشیفیانەی لەسەر بۆمبی ئەتۆمی هەردوو شاری هێرۆشیما و ناگانزاکی گیرا بوون، بە سوود وەرگرتن لە لێدوانی هەندێ خەڵکی ژاپۆنی و ئەمریکا فیلمەکەی دروستکرد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-لە ساڵی ١٩٩٤ کۆمەڵێک لە سەرکردەی توندڕەو لە کۆمەڵەی "هۆتۆ" کە نوێنەرایەتی زۆرینەیان لە ڕواندا دەکرد، (شاڵاوی کۆمەڵکوژییان لە دژی کەمینەی "توتسی" دەست پێکرد، لە ماوەیەکی دیاریکرودا، نزیکەی (٨٠٠،٠٠٠) هەزار کەسیان کوشت) ، بە هەزاران ئافرەت ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجە و دەستدرێژی سێکسی بوونەوە، کۆمیتەی دەنگی ویژدان کە سەر بە مۆنیۆمێنتی هۆلۆکۆستە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕۆشنایی خستە سەر ئەو جینۆسایدە لە ڕوندا کە دەکەویتە ناوەڕاستی ئەفریقا. (سلێمان، ٢٠١٦: ٢٧)، ڕەنگە گرنگترین و دیارترین تاوانی جینۆساید کە لە مێژووی مرۆڤایەتی ڕوویدا بیت، تاوانی جینۆسایدکردنی جووەکانە لەسەر دەستی ڕژێمی نازی بە سەرۆکایەتی (ئەدۆڵف هیتلەر) ، کە (لە نێوان ساڵانی 1938 – 1945ز هیتلەر زیاتر لە شەش ملیۆن جووی ئەوروپی و گروپ و خەڵکانی تری وەك قەرەج (gypsies) و هاوڕەگەزبازەکانی (Homosexual)لەناوبرد لە چوارچێوەی پلانێکی دڕندانەدا بۆ بونیادنانی ئیمپراتۆریەتیکی گەورەی ئەڵمانی وەک دەیانگوت لە ڕەگەزی پاکی ئەڵمانی).

جینۆسایدی جووەکان کە بە (هۆلۆکۆست) ناسراوە تا ئێستا سەدان فیلمی سینەمایی لەسەر دروستکراوە، دەشێ لێرەوە ئاماژە بە هەندێکیان بدەین: (ژیان جوانە، کوڕژیگە بێجامە خەتخەتەکە، پیانۆژەنەکە، فۆتۆگرافەری ماونتهاوز، لیستی شلیندەر...هتد).

لە فیلمی کوڕیژگە بێجامە خەتخەتەکەدا (The Boy in the Striped Pajamas) برونۆی تەمەن نۆ ساڵ لە بەرلین لە بنەماڵەیەکی ئۆرستۆکراتی دەژیت، باوکی ئەفسەرێکی پایە بڵندی حزبی نازییە، پلەکەی بەرز دەکرێتەوە و ئەرکی تازەی پێ دەبەخشرێت و دەبێتە سەرپەرشتیاری ئۆردوگای ئەوشویتز (Auschwitz)، کە جووەکانی تێدا کۆ دەکرێنەوە بە تایبەت جووەکانی پۆڵەندا، ماڵیان لەبەرلینەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەو ئۆردوگایە، برونۆ زۆر غەمبار دەبێت، چونکە ئەوێ هیچ منداڵێکی لێنیە یاری لەگەڵدا بکات، دواجار لە نزیک تەلبەندی ئۆردوگاکە چاوی بە (شمویل)ی هاوتەمەنی خۆی دەکەوێت و دەبنە هاوڕێ، هەموو ڕۆژێک بە دزی ماڵەوە لەگەڵ شمویل ئەم لە دیو ئەو لەو دیو تەلبەندەکە یەکتر دەبینن، جابۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ یەک یاری بکەن، برونۆ قات و بیجامەی خەتخەت دەپۆشێت و دەچێت ناو ئۆردوگاکە، دواتر لەگەڵ شمویل و سەرجەم جوە دیلەکان هەر ئەو ڕۆژە لە هۆڵێکی داخراودا بە گازی ژەهراوی لە ناو دەبرێن). (بۆین، ٢٠١٤: ٢٢٨).

## 2-1-2. چیرۆک و ڕووداوە تراژیدیەکانی جینۆسایدی کوردستان.

گەلی کوردستان بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ ڕووبەڕووی چەندین هێرش و پەلاماردان بۆتەوە، لەلایەن وڵاتانی دراوسێ و دەوڵەتە هێزدارەکانەوە هەمیشە لەبەردەم هەژمونی دابەشکردن و توانەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و لەناوبردندا بووە، لەسەردەمی کۆن و سەرەتاکانی هێرشی لەشکری عەرەبی ئیسلامی تا دەگاتە پەلاماری عوسمانییەکان لە لایەک و هێرشی سەفەویەکان لەلایەکتر، هەروەها لە نێوان ململانێی ئەو دوو هێزە بۆ پەلهاویشتن و فراوانکردنی سنووری ژێر دەسەڵاتی خۆیان میللەتی کورد هاڕاوی دەستاڕی نێوانیان بووە و لە نێو ئەو ڕووداوە تراژیدیایانە درێژەی بە ژیانداوە. لە سەردەمی نوێشدا بە چەندین قۆناغی دژوار و یەک لە دوای یەک زوڵم و ستەمی لێکراوە و لەبەردەم کۆمەڵکوژی و ڕەشەکوژی دابووە، کە سەرجەم ئەم تاوانکاریانە لە چوارچێوەی چەمکی "جینۆساید" خۆیان بەرجەستە دەکەن و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بە شێواز و لەژێر پەرچەمی جۆراوجۆردا ڕووداوە تراژیدییەکان درێژەیان هەیە.

جینۆسایدی کورد لە باشوری کوردستان "هەرێمی کوردستان-عێراق" بە چەندین وێستگەی جیاوازدا تێپەڕیوە، لە سەر دەمی "حزبی بەعس"دا دووچاری کۆمەڵکوژی و جینۆساید بۆتەوە، ئەم حزبە وەک پارتی فەرمانڕەوای عێراق لە ساڵی ١٩٦٣ تا ٢٠٠٣ گەورەترین بەرپرسیارێتی تاوانەکانی جینۆسایدی دژ بە گەلی کورد دەکەوێتە ئەستۆ. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا دامەزراوە، "بەگوێرەی مادەی ١١ کە پێناسەی جینۆساید دەکات، چوار کەیسی کوردی بە جینۆساید ناساندووە، کەیسەکانیش بریتین لە جینۆسایدی ئەنفال، جینۆسایدی بارزانییەکان، جینۆسایدی کوردانی فەیلی و جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە".(ئەحمەد، ٢٠٢١: ٩٦). بێگومان لە دەرەنجامی ئەم جینۆسایدانەدا سەدان و هەزاران چیرۆک و داستانی مەرگەساتئامێز دروست بوون کە کەرستە و مژاری گرنگن بۆ سینەما و فیلمسازان تا بتوانن لەسەر ئەم چیرۆک و داستانانە فیلمی پایەبەرز دروست بکەن. لێرەدا ناتوانین هەموو وێستگەکانی ئەم تاوانکاریانە و تەواوی وردەکاری و لایەنە جیاجیاکانی روون بکەینەوە، بەڵکو هەوڵدەدەین تیشک بخەینەسەر هەندێ لەو جینۆسایدانە، ئەگەرچی هەر یەکە و لە کات و ساتی جیاوازدا ڕوویانداوە، بەڵام هەموویان دەچنەوە نێو چوارچێوەی جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان، کە لە ناو هەر جینۆسایدێک چەندین سیمبول بەدی دەکرێت، کە بابەتی گرنگن بۆ فیلمی کوردی.

## 3-1-2. تێڕوانینی جینۆساید لە هزری تاکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

ئەم جینۆساید و کۆمەڵکوژیانەی لە مێژوودا ڕوویانداوە کاریگەریان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە دروستکردووە، بە تایبەت ئەوانەی لە کایە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری و توێژینەوە و بواری کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی کاریان کردووە. هەردوو توێژەر جیهانی "فرانک چالک و کورت جۆناسۆن" لە کتێبی ( The History and Sociology of Genocide) دەڵێن: "جینۆساید داهێنانی سەدەی بیستەم نییە، بەڵکو بە درێژایی مێژوو لە هەموو بەشەکانی جیهاندا ڕوویداوە. بەڵام جینۆسایدی ئایدیۆلۆژی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەدەی بیستەمدا بووەتە گرنگترین جۆری جینۆساید. ئەوان بە خستنەڕووی ئەو گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی قوربانی جینۆسایدن، پێناسەیەک بۆ جینۆساید پێشکەش دەکەن کە زۆر فراوانترە لەوەی کە لە رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە.(Chalk and Jonassohn,). هەروەها ئیرڤینگ لویس هۆرۆڤیتزد (IRVING LOUIS HOROWITZED-1929-2012) کۆمەڵناسی ئەمریکی و نووسەر و مامۆستای زانکۆ، دەڵی: (جینۆساید بریتیە لە کردارێکی رێکخراوی سیستماتیك بۆ هەڵوەشاندنەوەی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی خەڵکێکی بێتاوان لەلایەنی دەزگا بیرۆکراتیەکانی دەوڵەتێکەوە). (عبدولرەحمان، ٢٠١٩: ٥). لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە ئەو توێژەرەوە، لەبەرامبەر پرۆسەی جینۆسایدکردندا دەڵی: "کۆمەڵگەش نابێت دەستەوەستان بێت، بەڵکو بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆ". لەم بارەی هۆلۆکۆستەوە، فەیلەسوفی ئەڵمانی بە نەژاد جوو، "هانا ئارێنت" لە نامەیەکدا بۆ کارڵ کاسپێرس دەنووسێت: "تاوانەکانی نازی سنووره باوەکانی یاسایان بەزاندووە، هیچ سزایەکی قورسمان بۆ تاوانێکی ئاوا پێ نادۆزرێتەوە، تا شایستەی درندەیی ئەم تاوانە بێت).( ئەحمەد، ٢٠٢١: ١٩). هەروەها لەبارەی ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدانەی لە کوردستان ڕوویانداوە، نووسەر و لێکۆڵەری دیاری کورد "د. کەندالْ نەزان" دەنووسێت: "لەم ڕووداوانەدا بنیاتەکانی ژیان لە کوردستانی عێراق سەرەوژێر بوون، پاش ئەم هیستریا شێتانەیە کە بە جینۆسایدی کوردەکان کۆتاییهات، ٩٠% گوندەکانی کوردستان و پتر لە ٢٠% شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەسەر نەخشە سڕانەوە. گوندەکان پتر لە ١٥ ملیۆن مینیان لێ چاندرا. نزیکەی ١.٥ یەک ملیۆن و نیو کورد لە گوندەکان بۆ کەمپە زۆرەملێیەکان ڕاگوازران و نزیکەی ١٠% دانیشتووانی کوردی کوردستانی عێراق قەلاچۆکران". (وەلەدبەگی، ٢٠٢١: ٨). هەر لەبارەی پرۆسەی قڕکردنی کوردان و ئامانج لە پرۆسەکانی ئەنفال، نووسەر و ڕووناکبیر، "مەریوان وریا قانع" بۆچوونی خۆی بەمشێوەیە دەردەبڕێ: "لە قۆناغێکدا هێرشە توندوتیژەکانی بەعس بۆ سەر کوردستان سیفەتی هێرشی "ئاسایی" لە دەست ئەدەن و دەبنە هێرشی ڕاستەوخۆ و بەردەوام بە مەبەستی لە ناوبردنی گشتیی و کۆتایهێنانێکی یەکجارەکی بە مەسەلەی کورد". (قانع، ٢٠٠٨: ٢٥). جینۆسایدی کوردستان پرۆسەیەکە لە کات و ساتێکی مێژوویی لە لایەن ڕژێمەکانی عێراق ئەنجام دراوە و بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەم جینۆسادانە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە ئەقڵی عەرەبییەوە هەیە یان نا، لەم بارەیەوە نووسەر و ڕووناکبیر "خەبات عەبدوڵلا"، پێیوایە: (ئەنفال چ لەڕووی زاراوەو چ وەکو چەمکێکی عەرەبیی–ئیسلامی، پێش مانا سیاسییەکەی مانای قووڵی کۆمەڵایەتیو پێوەندییەکی گەورە و دانەبڕاوی بەکۆمەڵگەی عەرەبییەوەهەیە. ڕاستییەکەی ئەنفال لەڕووەکولتوریو کۆمەڵایەتییەکەیەوەپێوەندییەکی ڕاستەوخۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکولتوری تاڵانوبرۆ و بەدەستهێنانی دەستکەوتەوەهەیە، ئەویش لەرێی غافڵگیریو هەڵکوتانەسەرو حەڵاڵکردنی سەرو ماڵی لایەنی پەلاماردراوەوە). (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٢). "کنعان مکیە" نووسەری دیاری عێراقی لەبارەی جینۆسایدی ئەنفالّدا، لە گۆڤاری (HARPERSMAGAZINE)ی ساڵی ١٩٩٢دا دەڵێ: "ئەنفال کردەوەیەکی سیستماتیککراوبوو کە لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە بەرامبەر بە کورد ئەنجام درا". لە دوای ئەنفال ڕەنگە جینۆسایدی هەڵەبجە گەورەترین جینۆساید بێت و خاوەن زۆرترین بەڵگەی ڕاستەقینە بێت، کە تا ئێستا زۆرترین بەڵگە و دۆکیۆمێنت لەسەر ئەو تاوانە ئامادەیی هەیە کە بەداخەوە زۆربەی دۆکیۆمێنتەکان ئەوانەن کە ڕۆژنامەنووسانی بیانی لە ئانوساتی کیمیابارانەکە گرووتیانە، وەک نووسەر و مامۆستای زانکۆ لە کۆلێجی زانستە سیاسییەکان "د. سالار باسیرە" دەڵێ: گروپێک لە ڕۆژنامەوانی بێگانە کە دوای ڕووداوی کیمیاویەکە لە ئێرانەوە دەچنە هەڵەبجە، بۆ گۆڤاری ناسراوی هەفتانەی ئەلمانی (شتێرن) لەبەرواری 1988/3/30 دەڵێن: (نە بریندراری و نەخوێن لەسەر جەستەی ژنان و پیاوان و منداڵان دەبیندرا کە هێشتا لەسەر شەقام و کۆڵانەکان و لەناو ماڵەکاندا کەوتوون. مردووەکان ڕەنگێکی سەیریان لێ نیشتوە، چاوەکانیان دەڕواننە بۆشایی، لیکێکی سپی لە دەمیان هاتۆتە دەرەوە و گەنجەکانیان ڕەق بوون لە شەڕی مان و مردندا). (باسیرە، ٢٠١٣: ١١١-١١٢).

### 1-2-2. دیدگای دەرهێنەر و گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە زمانێکی وێنەیی و ئیستاتیکی.

دەرهێنەر گرنگترین هۆکاری گۆڕینی سیناریۆیە بۆ فیلمی سینەمایی، ڕۆڵی دەرهێنەر لە دروستکردنی فیلمی درێژ، کورت یان دۆکیۆمێنتاری، ئەوەیە کە کۆنترۆڵی (فکری-هونەری-تەکنیکی) فیلم دەکات و هەروەها "ڕابەریەتی‌ئەکتەر، وێنەگر، تۆمارکەری دەنگ، دیزاینەر، موزیك، مۆنتاژ و دەنگدانەر دەکات"، (ڕەشید، ٢٠٢٠: ٢) ، سەرباری‌ئەوەی‌ئەمانە هەریەکە و کاری‌جیاوازیان لە گەڵ یەکتردا هەیە لە ژێر سایەی‌دەرهێنەردا پێکەوە دەبەسترێنەوە. دوای زیاتر لەسەد و بیست و حەت ساڵ تەمەنی سینەما، ڕۆڵی دەرهێنەر گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە نەبینوە، دەرهێنەر هەر ڕێبەری فیلمە و لە ژێر سایەی ئەو و بە دید و بۆچوونی ئەو فیلم دروست دەکرێت و لە رووی هونەرییەوە ئەو خاوەنی فیلمە و بەرپرسی یەکەمیەتی. ئەگەرچی ئەرکی سەرەکی دەرهێنەر گێڕانەوەی فیلمە بە وێنە بە باشترین شێواز کە بینەر چێژی لێ وەرگرێ و ببێتە مایەی ڕەزامەندی، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە شێوازی گێڕانەوە دەبێت بەشێوەیەکی ئیستاتیکی و زمانێکی جوان و تایبەت بێت کە بەهایەکی هونەری گەورەی هەبێت و بینەر بە چیرۆکی فیلمەکەوە گرێ بدات، دیارە شێوازی گێڕانەوە لە دەرهێنەرێک بۆ یەکێکی تر جیاوازە و خودی ناوەڕۆکی فیلمەکە ڕۆڵی هەیە لە دەستنیشانکردنی شێوازی گێرانەوە، لێرەدا "دەشێ گێرانەوەی فیلم بۆ سەر سێ جۆر دابەش بکەین" (ناجی، ٢٠١٨: ١٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١-گێڕانەوەی زنجیرەیی: (Linear Narrative) ڕێگەیەکی کۆنە بۆ گێڕانەوەی چیرۆک بە شێوەی هێڵی زنجیرەیی کە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە، بەشێوەی ڕێکخستنی زەمانی، واتە کاتەکان زنجیرەیی بەدوای یەکدا دێن، ئەم جۆرە گێڕانەوەیە زۆرتر لە دروستکردنی فیلمە کلاسیکیەکاندا بەکارهێنراوە، نموونەش فیلمی (پیرەمێرد و دەریا) لە نووسینی ئیرنست هەمەنگوای و دەرهێنانی جان سترێگس. ئەم جۆرە گێڕانەوەیە هەمان ئەو شێوازەیە کە ئەرستۆ پەیڕەوی کردووە، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە.

٢-گێڕانەوەی نا زنجیرەیی: (Non-linear Narrative) ئەم جۆرە گێڕانەوەیە پێچەوانەی ڕێکخستنی زنجیرەییە و ڕووداوەکان بەدوای یەکدا نایەن، ئەم جۆرە لە نیوەی سەدەی بیست هاتە کایەوە لە لایەن فیلمسازانی شەپۆلی نوێی فەڕەنسی، ئەمڕۆ ئەم شێوە گێڕانەوەیە لەسەر دەستی کوینتن تارنتینۆ و دەیڤد فینجەر و کریستۆفەر نۆلان ئامادەیی هەیە.

٣-گێڕانەوەی بازنەیی: (Circular narratives) ئەم جۆرە گێڕانەوەیە بەشێوەی بازنەیی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، واتە سەرەتا دەست پێدەکات و دواتر دەگەڕێتەوە هەمان شوێن واتە سەرەتا. لەم جۆرە گێرانەدوەدا دەشێ ئاماژە بە فیلمی "تایتانێک-١٩٩٧" لەدەرهێنانی جێیمس کامیرۆن، بکەین.

٤-گێڕانەوەی ڕوانگەیی :(viewpoint Narrative) ئەمەش جۆرە گێڕانەوەیەکی ترە کە چیرۆک لە ڕوانگە و بینین کەسێکەوە دەست پێدەکات.

سەرجەم جۆرەکانی گێرانەوەی فیلم پەیوەندی بە دیدگا و بۆچوونی دەرهێنەرەوە هەیە، چونکە ئەوە دەرهێنەرە بڕیار دەدات چیرۆکی فیلمەکەی چۆن بگێڕێتەوە. ئەوەی دەرهێنەرێک لە دەرهێنەرێکی تر جیادەکاتەوە چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆکی فیلمەکەیە. بۆ نموونە لە فیلمی ئەپارتمانی مێروولەکان" باس لە ئەنفال دەکات بێ ئەوەی خوێن و وێرانکردن و پەلامار ببینین، لە دیدگایەکی زۆر تایبەت چیرۆکی ژن و مێردێک و منداڵەکایان دەگێڕێتەوە کە ئەنفال کراون.

## 2-2-2. ئەرکەکانی دەرهێنەر لە دەستنیشانکردنی بیرۆکە و قۆناغەکانی دروستکردنی فیلمی جینۆسایددا.

ئێمە لەبەردەم دوو چەمکی نا تەریب و نا هاوتا و دژ بەیەک داین، "سینەما و جینۆساید" کە دوو کردە و دوو ئامرازن بەدەست مرۆڤەوە لە پرۆسیسی ژیاندا تەواو یەکتر ڕەتدەکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا لە ڕێی سینەماوە تاوانەکانی جینۆساید دەخرێنەڕوو، هەروەها سینەما هەڵوەستە بە مرۆڤ دەکات لەبەردەم ئەو چرکەساتە خوێناویانەی مرۆڤ بەدەستی خۆی بۆ مرۆڤی دروست کردووە. هەر لەم ڕوانگەیەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیشک دەخەینە سەر ئەرکی دەرهێنەر لە دەستنیشانکردنی بیرۆکە و پرۆسیسی دروستکردنی فیلم و ئەو قۆناغانەی کە دەرهێنەر پێیدا تێدەپەڕێت بۆ دروستکردنی فیلمێک لەسەر "جینۆساید"دا.

## 3-2-2. دەرهێنەر و دەستنیشانکردنی بیرۆکە:

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە ئەرکی دەرهێنەر لەو کاتەدا دەست پێدەکات کە بڕیار لەسەرە هەڵبژاردنی بابەتێکدا دەدات بۆ دروستکردنی فیلمەکەی، ئەو کاتەی لەبەردەم چەندین بیرۆکەدایە و تاووتوێیان دەکات، بێگومان سەرچاوەی هەر بیرۆکەیەك بۆ نووسینی سیناریۆ خودی واقیع خۆیەتی، واتە بنەما و بنچینەی هەر بیرۆکەیەك کە دەبێتە خاڵی دەسپێك بۆ نووسینی سیناریۆ کرۆکی ژیان خۆیەتی. دەرهێنەر لەهەر کوێوە دەست پێ بکات و لەهەر ژانرێکی ئەدەبی و کەناڵێکەوە سود وەرگرێت بۆ نووسینی سیناریۆی فیلمەکەی سەرچاوەکەی هەر واقیعە، واقیعی کۆمەڵایەتی بە ئاست و ئاڕاستە جیاوازەکانەوە، مادەی هەر بیرۆکەیەك و دواجار هەر سیناریۆیەکن. بۆ نووسینی سیناریۆ کە بابەتەکەی جینۆساید بێت چەند سەرچاوەیەکی گرنگ لەبەر دەستی دەرهێنەراندان، هەریەك لەو سەرچاوانە دەشێ بکرێنە بنەما بۆ نووسینی سیناریۆی فیلمەکانیان. لەبارەی هەڵبژاردنی بیرۆکەی فیلم، دەرهێنەری بەناوبانگی ئەمریکی "ودی ئالن" دەڵێ: (بیرۆکە ئاسانە، بەڵام ئەوەی کێشەیە جێبەجێکردنی بیرۆکەکانە. بە درێژایی ساڵەکە چەندین بیرۆکەم هەبووە، بەڵام کاتێک هەوڵ دەدەم بیاننوسمەوە، تەنها هەندێکیان پەرە دەسێنن و دەیانکەم بە فیلم).( چانێڵ ، ٢٠١٧: ١). واتە ئەو بیرۆکانە کاتێ دروستن و دەتوانری فیلمێکی نایابی لێ دروست بکرێت کە شتێکی تازە بە بینەران ببەخشێ و دووبارە و بیستراو و وەڕسکەر نەبن و جێگەی سەرنج بن و لە هیچ ڕووداوێکی تری پێش خۆی نەچێت. لە نێو جینۆسایدەکانی کوردستان دەیان و سەدان و بگرە هەزاران چیرۆکی ناوازە و ناخ هەژێن هەیە، کە دەکرێ دەرهێنەر بەدواداچوونیان بۆ بکات و بیان کات بە بنەما بۆ دروستکردنی سیناریۆی فیلمەکەی. ئەم ڕووداو و تراژیدیایانەی وەک تاوانەکانی ئەنفال و کیمابارانکردنی هەڵەبجە و پەلامارەکانی داعش کە سێ نموونەی جینۆسایدن و ماڵوێرانییەکی گەورەیان لە مێژووی گەلی کوردستان لە عێراق تۆمار کردووە، بابەتی زۆر گرنگن دەکرێ ببنە بنەمایەکی باش بۆ دەرهێنەران تا فیلمی لەسەر دروست بکەن. ئەگەر چاوێک بە سینەمای جیهانیدا بخشێنین دەبین ساڵانە دەرهێنەرانی جیهان چیرۆکی تازە لەسەر ڕووداوەکانی هۆلۆکۆست دەدۆزنەوە و فیلمی لەسەر دروست دەکەن، لەم ڕێیەوە تراژیدیاکانی هۆلۆکۆست لە لایەک بە نەمری دەهێڵنەوە و لە لایەکی تر ئەو فیلمانەی دروستیشی دەکەن پڕن لە بەهای هونەری و ئاستێکی بەرزی ئیستاتیکی و فکریان هەیە، چونکە هەوڵی سەرجەم سیناریست و دەرهێنەرانی دونیا بۆ ئەوەیە شتێکی تازە نیشانی بینەر بدەن، بینەریش هەمیشە لە چاوەڕوانی شتێکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تازەدایە بۆ ئاودێرکردنی ڕۆح و یەکلاکردنەوەی کێشە ناوەکییەکانی خۆی و وەڵامدانەوەی بەشێك لەو پرسیارانەی هەراسانی دەکەن. لەسەر تاوان و جینۆسایدەکانی کوردستان ڕووداوی گەلێکی ناوازە و سەرنجڕاکێش هەن، کە دەشێ ببنە بنەمای دروستکردنی فیلمی باش، کە ڕۆژانە لە میدیای خوێنراو و بیسراو و بینراو ڕووبەڕووی دەیان چیرۆك و ڕووداوی سەرنجبەر دەبین، هەر لە چیرۆکی جیاجیای دایکبوونی منداڵیک لە ناو ئیڤای سەربازی تا دەگاتە دەیان ڕووداوی کوشتوبڕ و تاوانی لە ناوبردن لە بیابانەکانی عەرعەر و نوگرە سەلمان، کە دەشێ هەڵوەستە لە ئاستیاندا بکەین و ببنە کەرەستەی دروستکردنی سیناریۆ، نمونەی جیهانییش لەبەر دەستدایە کە دەیان فیلم لە چیرۆکی زۆر بچووکی جینۆساید فیلمی زۆر پایە بڵند دروست کراون. لە ڕاستییدا هەندێک لە دەرهێنەران کار لەسەر ئەو بیرۆکانە دەکەن کە لەژیانیانەوە نزیکن، یان دەتوانین بڵێین بەشێک ژیانی خۆیان لە نێو فیلمەکانیان بەرجەستە کردووە، هەر وەک دەرهێنەری بەناوبانگی ئیتالی، "فدریکۆ فللینی" دەڵێ: "فیلمەکانم ژیانمن"، (جودی، ١٩٩٢: ١٨). بێگومان ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە زەخیرەیەکی گرنگ بووە بۆ سینەما و تێکستە ئەدەبییەکان هەر لەسەرەتای داهێنانی سینەماوە تا ئەمڕۆ وزە و بنەمایەکی گرنگ بوون بۆ سینارستان، بەڵام بەداخەوە زۆر کەم ئەو بابەتە ئەدەبیانەی لەسەر جینۆسایدەکانی کوردستان نووسراون بوونەتە سەرچاوە بۆ فیلمی کوردی، ئەدەبی کوردی بە بەراورد بە سینەما لە هەرێمی کورستان مێژوویەکی درێژی هەیە بەڵام دەرهێنەرانی کورد کەمترین سوودیان لەو تیکستانە بینووە. گرفتەکان هەرچی بن و لە هەر لاوە بێت، کەمترخەمییە و سینەمای هیچ وڵاتێک دوور نییە لە ڕۆمان و تێکستە ئەدبییەکانی و پەیوەندییەکی باش و دانەبڕاو لە نێوان ئەم دوو کایە گرنگەی ژیان هەیە. نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندانی کورد چۆن لەو پرسە گرنگانەی ناو کۆمەڵگەیان ڕوانیوە و جینۆسایدەکانی کورستان چۆن و بە چ ئاستێک لەنێو ئەدەب و هونەری کوردیدا بەرجەستەبووە، بەتایبەتی ئەو جینۆسایدانە کە چرکەساتی هەر تاریکی مێژووی ئێمەن و پێویستی لەسەر وەستان هەیە. ئایا کایەی ئەدەب و هونەری ئێمە توانیویەتی لە ئاست گەورەیی ئەم کارەساتانەدا شاکاری گەورە بخوڵقێنێ..؟! ئایا کارکردنی کایەی ئەدەب و هونەر لەسەر پرسی جینۆسایدی ئەنفال و هەڵەبجە و ئێزیدییەکان لە ئاستی پێویستدا بووە و ئەم جینۆسایدانە لە ڕێی کایەی کلتوریەوە لە لۆکاڵ دەرچووە و گەیشتۆتە دەرەوەی خۆمان؟

شاراوەنییە لەو ساتەی پرۆسەی جینۆسایدکردنی کوردستان بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو دەستی پێکرد و بەعس دەسەڵاتی بەسەر هەموو کونجێکی ئەم ژیانەدا کێشابوو، لە هەمانکاتدا ئەگەر بە لاوازیی و پچڕ پچڕیش بووبێت، نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە نووسینەکانیاندا ئاماژەیان بەو تاوانانە داوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە نێو چامەی شیعری و تێکستە شانۆیەکان و تابلۆی شێوەکاری و گۆرانی و میوزیکدا ئەوە بەرجەستە کراوە، ئەگەرچی ئەو ئاماژە پێدانە لە ڕێی بەکارهێنانی زمانی سیمبولەوە بووە، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حزبی بەعس دەسەلاتی بەسەر هەموو کونجێکی وڵاتدا کێشا بوو، ئازادی گوزارشتن کردن بە هەموو شێوەیەک قەدەغە بوو.

پرۆسەی دروستکردنی وێنە لە سینەمادا تەواو جیاوازە، چونکە لێرەوە هەوڵ دەدرێت وشە و دێڕە نووسراوەکان بکرێن بە وێنەیەکی ڕاستەقینە، وێنەیەك لە منداڵێکەوە، تا نەخوێندەوارێك، تا هەموو کەس دەتوانێ ببینێ و سەیری بکات و لێی حاڵی بێت، ئەمەش بەو مانایە نییە کە قوڵایی و خەیاڵ لە پشت ئەو وێنانەوە ئامادەییان نەبێت، بەکورتی ڕەنگە جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان وێنە لە سینەمادا و وێنە لە نێو ڕۆماندا، ئەوەبێت کە وێنەی سینەمایی هەست پێکراو و بینراوە و وێنەیەکە ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە و بینەر بە جیاوازی ڕەگەز و پێکهاتەی تێی دەگات، بەڵام وێنە لە ڕێگەی وشەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، زمان و مۆسیقای وشەش پەیوەندارە بە زمانی ئەو خوێنەرانەی قسەی پێدەکەن.

بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکەی باش مەرج نییە سیناریست ڕاستەوخۆ بەر بیرۆکەیەك بکەوێت، بەڵکو زۆر کەناڵی پەیوەندیدار بە واقیعەوە هەیە، دەشێ وەك سەرچاوەیەك بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکە پشتی پێ ببەسترێت، وەک حیکایەتی فۆلکلۆری و ئەفسانەکان کە سەرچاوەی گرنگن بۆ دەرهێنەران، کارکردن لە ئەفسانەکان و زیندووکردنەوەیان لەنێو کاری سینەمادا بێ ئامانج نییە، دەرهێنەر دێت لە پشت ئەو خەیاڵ و فانتازیایەی لە ئەفسانەدا هەیە دیدی خۆی تێدا جێدەکاتەوە، بەجۆرێك کە زەوق و سەرنجی بینەر ڕابکێشێ و لەو ڕوانگەیەوە قسەی خۆی بکات، ڕەنگە هەندێکجار ئەوەی لەنێو ئەفسانەدا هەیە زۆر نزیك بێت لە خەیاڵی سینەمایی و جۆرێك لە ئازادی کارکردن بە هونەرمەند بدات تا داهێنانی خۆی تێدا بخاتەڕوو، چونکە پایەکانی ئەفسانە لەسەر خەیاڵ هەڵچنراوە، بێگومان خەیاڵیش سنوری نییە و هونەرمەند خۆی چوارچێوەی بۆ دادەتاشێ و مانای پێ دەبەخشێ و دواتر لە واقیعدا بەرجەستە دەبێتەوە.

خۆ ئەگەر دەرهێنەر بابەتی سیناریۆکەی جینۆساید بوو، دیسان ئازادە لە نێو جینۆسایدەکان کام چیرۆک و ڕووداو دەکاتە فیلم، بەڵام دەبێت تەواو لەسەر مێژووی ئەو جینۆسایدە و کات و شوێنی تاوانەکە بزانێت و شارەزایی کۆبکاتەوە لەسەر ئەو لایەنە یان ئەو دەوڵەتەی جینۆسایدەکەی ئەنجام داوە، هەروەها دەبێت تەواو ئاگای لە مێژوو و کلتور و دابونەریتی لایەنی جینۆسایدکراو بێت و بە باشی ئەو تاوانانە تاووتوی بکات، ئیش لەسەر ئەو لایەنانە بکات کە شاراوەن و ڕەهەندێکی مرۆڤانەیان هەیە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرهێنەر لە هەڵبژاردنی بابەتی جینۆساید دەبێت وریا بیت و نابێت ختووکەی سۆزی بینەرەکانی بدات، بەڵکو پێویستە پەیوەندییەکی ئاقڵانی و هونەری لەگەڵ بینەر دروست بکات، چونکە خوودی بابەتی جینۆساید بینەر دەخاتە دۆخێکی خراپی دەروونییەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی هونەری کاری لەسەر نەکرێت، بینەر لەبەرامبەر خوین و برین و کارەساتدا دەبێتە قوربانی. دەرهێنەر دەبێت ئەو چیرۆکانە هەڵبژێرێت کە لەسەر جینۆساید باوەڕپێکراون و بەڵگەی راستی ڕوودانیان لەبەر دەستە، هەروەها دەبێت ئەو چیرۆکانە خاوەن ململانی و پڕ لە کێشمەکێش و گۆڕانکاری بن و تەواو دڵنیابێت لە راستیی ئەو زانیاریانەی لە ناو فیلمەکەی بەرجەستەی دەکات. دروستکردنی فیلمی سینەماییش ئەگەر بابەتەکەی جینۆساید بێت یان هەر بابەتێکی تر، پرۆسەیەکە بە چەندین قۆناغی گرنگی هونەری تێدەپەڕێت، لە هەموو قۆناغەکاندا دەرهێنەر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە یەکخستنی سەرجەم پێکهاتەکان و ئاڕاستەکردنیان بۆ دروستکردنی فیلمێکی سینەمایی، بۆ هەر قۆناغێکیش چەندین گروپی پسپۆر و کارەما کاری تێدا دەکەن و دەرهێنەر لە نزیکەوە چاودێری کارکانیان دەکات و بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو.

سیناریۆ یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی فیلم و دەتوانین بە نەخشەڕێگای دروستکردنی فیلم ناوزەدی بکەین، بە جۆرێکیتر سیناریۆ بنەما و بناغەی فیلمە، وەک "سید فیلد" دەڵێ (سیناریۆ پڕۆژەیەکە بۆ دروستکردنی فیلم). سیناریۆیش دابەش دەبێت بۆ سیناریۆی ئەدەبی و سیناریۆی وێنەیی، (هەروەها دەتوانین بڵێین سیناریۆی تەکنیکیش هەیە)، (تاهیر، ٢٠٢١). کە پەیوەستە بە لایەنە تەکنیکییەکانی فیلم. سەرەتا دەبێت دەرهێنەر خۆشەویستیەکی لەڕادەبەدەری بۆ بیرۆکە و ناوەڕۆکی سیناریۆیەکە هەبێت، وەک "دایڤدا لینچ" دەرهێنەری ئەمریکی لەوبارەوە دەڵێت: "من حەز دەکەم بیرۆکەی ئەو سیناریۆیە بکەمە فیلم کە لەگەڵیدا دەکەومە خۆشەویستییەوە"، (حەسەن، ٢٠١٢: ١٧١). لێرەدا کە ئەو سیناریۆیەی لەبەردەستی دەرهێنەردایە و بڕیاری لەسەر داوە، هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی هەموو ڕەهەندەکانی، هەر لە (ڕەهەندی دەروونی، ڕەهەندی فیکری و فەلسەفی، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندی ئیستاتیکی و هونەری) و سەرجەم ئەو ڕەهەندانەی تر کە سیناریۆکە دەیگرێتەخۆی. هەتا ئەگەر دەرهێنەر سیناریۆکە خۆشی نووسی بێتی، هەمان شیکردنەوەی بۆ دەکات. چونکە گرنگە دەرهێنەر لەوە تێبگات کە بۆچی ئەم سیناریۆیەی دەستنیشان کردووە، هەڵبەتە پەیام و دیدگای دەرهێنەر لەم بوارەدا ڕۆڵ دەبینن، دەرهێنەر کاتێک سیناریۆی فیلمەکەی دەخوێنیتەوە هەست بە وێنەی سیمبولەکان دەکات بۆ ئەوەی لە شێوە و ناوەڕۆکی فیلمدا بەرجەستەیان بکات.

### 4-2-2. ڕۆڵی دەرهێنەری کورد لە بەرجەستەکردنی سیمبول و مانا شاراوەکانی جینۆساید.

#### ١-سەرەتایەک بۆ چوونە ناو باسەکە:

بەر لەوەی بچینە سەر باسی سیمبول و مانا شاراوەکانی ئەو فیلمە کوردییانەی لەسەر جینۆسایدەکانی کوردستان دروستکراون، بە پێویستییەکی گرنگی دەزانین قسە لەسەر ئەو ڕەوتە بکەین کە بەناوی "سینەمای کوردی" لە هەنگاونان دایە، ڕەوتێک کە هێشتا بە ڕێگاوەیە و شپرزە و ماندووە، لەبەردەم سەدان لەمپەر و بەربەست دایە و نە گەیشتووە بە کەناری ئارام، بەڵام دەیان بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو ڕەوتە، گرنگە بزانین پێگەی سینەما لە کوردستان لە چ ئاستێک دایە و ئایا سینەما بووە بەشێک لە کلتوور و ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان؟ ئەو هەموو ناوەند و پێگەفیلمسازییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، دەرخەری ئەوەیە کە لە کوردستان سینەما بۆتە واقیعێکی زاڵ و دانپێدانراو؟ هەموو ئەو بزاوتانەش لە ژێر چەمکێک بەڕێوەدەچن، کە پێی دەڵێین "سینەمای کوردی"، چەمکی سینەمای کوردیش بەکاردەهێنرێت بۆ هەموو ئەو ڕەوت و پڕۆژانەی لە بواری سینەما لە کوردستان ئەنجام دەدرێن، هەروەها بە "پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی" هەر لەسەرەتاوە واتە لە پێش یەلمازگونەیەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ ناوزەد دەکرێت. ئەگەرچی تا ئێستا توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر مێژووی سینەمای کوردی نەکراوە، تا بیسەلمێنی دەسپێکی یەکەم فیلم کوردی بۆ کام فیلم دەگەڕێتەوە، بەڵام بە پێی هەندێ بەڵگەنامە و بیروڕای فیلمسازانی کورد، دەتوانین لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە، فیلمەکانی "یەڵماز گونەی" بە سەرەتا و دەسپێک بۆ سینەمای کوردی ئەژمار بکەین، لە هەرێمی کوردستانیش فیلمی "نێرگز بوکی کوردستان" لە بەرهەمهێنانی مەکی عەبدوڵا و دەرهێنانی جەعفەر عەلی و بە بەشداری ئەکتەرانی کورد و شوێنی وێنەگرتنیش گوندەکانی کوردستان، دەتوانین وەک یەکەم فیلمی کوردی بیناسێنین یان ناوی بنێین، لە لایەکی تر فیلمی (تونێل) لە دەرهێنانی "مەهدی ئومێد" دەشی وەک یەکێک لە فیلمەکانی دەسپێک لە باشووری کوردستان سەیر بەکەین. لە هەر گۆشەنیگایەکەوە بڕوانین دەتوانین بڵێین، کوردیش خاوەن جۆرێک لە سینەمایە، ئەگەرچی ئەم سینەمایە هێشتا شێوە و فۆرمی دیار نییە و لە دۆخێکی نا ئارام و نا جێگیر دایە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە فیلمسازان بەو بوارە سەرقاڵن و ژیانی خۆیان بۆی تەرخان کردووە و و تا ئێستا بە پێی داتایەک کە لەبەردەست دایە، زیاتر لە (١٢٠) فیلمی درێژی کوردی هەیە و سەدان فیلمی کورتیش لەم ساڵانی ڕابردووەدا دروستکراون. هەروەها لە هەر دوو کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەڵاحەدین و زانکۆی سلێمانی بەشی سینەما هەیە و ساڵانە پۆلێک قوتابی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بوارەکانی فیلمسازی بەدەست دێنن. وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان خاوەنی چوار بەڕێوەبەرایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سینەمایە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و ئیدارەی گەرمیان، کە ئێستا بچووک کراونەتەوە و بوونەتە بەش، ئەم بەشانە لە مێژووی دروست بوونیانەوە تا ئێستا وەک تاکە کەناڵی سینەمای کەرتی گشتی کاریان کردووە و دەیان و سەدان (فیلمی درێژی فیکشن و داستانی، کورتە فیلمی فیکشن و داستانی، درامای تەلەفزیۆنی، سازدانی فێستیڤاڵ، ئیڤێنت و نیشاندانی فیلم، سازدانی کۆڕ و سیمنار، سازدانی خول و وۆرکشۆپ، چاپکردنی کتێب و گۆڤار)یان ئەنجام داوە و بەرهەمهێناوە، تا ئێستا وەک ناوەندێکی سینەمایی حکومی کار دەکەن. سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، "پێنج ناوەندی فیلمسازی لە شارەکانی: (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک، هەڵەبجە)" (سوار، ٢٠٢٢: چاوپێکەوتن).

هەیە و هەر یەک لەو بەشانە خاوەنی سەدان ئەندامە و لە هەندێ کاتدا چالاکی فیلمسازی ئەنجام دەدەن، یاخوود پاڵپشت و بەشداری چالاکی فیلمسازی دەبن. لە هەرێمی کوردستاندا "فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی دهۆک" کە تا ئێستا هەشت خولی ئەنجام داوە (کەتەلۆکی فێستیڤاڵ، ٢٠٢١). "فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی سلێمانی"، کە تا ئێستا پێنج خولی ئەنجام داوە. هەروەها لە شاری هەولێریش فێستیڤاڵی دژی توندوتیژی ژنان و فێستیڤاڵی دژە تیرۆر ساڵانە بەڕێوە دەچێت. چەندین کۆمپانیای فیلمسازی لە شارەکانی کوردستان کە وەک کەرتی تایبەت کار دەکەن و فیلم بەرهەمدێنن. ناوهێنانی ئەو دامودەزگایانەی سەرەوە بۆ ئەوەیە بڵێین کە سینەما لەسەر ئاستی و حکومی و کەرتی تایبەت لە جولە دایە و بە پێی لیستێک کە بۆ ئەم توێژینەوە ئامادەکراوە ژمارەیەکی زۆر فیلم لە بەردەستدان کە لە لایەن فیلمسازانی کورد لەسەر جینۆسایدەکانی کوردستان دروستکراون، کە لەم تەوەرەیەدا باسی سیمبول و مانا شاراوەکانی بەشێک لەو فیلمانە دەکەین.

## ٢-سیمبول و مانا شاراوەکانی ناو فیلم

(سیمبول) و مانا شاراوەکان پانتایەکی فراوان لە ناو فیلمدا داگیر دەکەن، دەرهێنەران بە ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی ئەو ستایلەی بۆ دەرهێنانی فیلمێک دایدەڕێژن ئەم سیمبول و نیشانانە بەکاردەهێنن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، سیمبول و نیشانە و هێماکان پێناسە و چوارچێوەیەکی دیاریکراویان نییە و ناتوانین یەک پێناسەیان بۆ داتاشین. ئەگەرچی سیمبول لە بواری زمانەوانی خاوەن قوتابخانەی تایبەت بەخۆیەتی، بەڵام لە بواری سینەمادا تا ئێستا دیدگای جیاجیای لەسەرە، ئەم فرە بینین و دیدگایە بۆ سیمبول و نیشانە و بەکارهێنانی مانا لەلایەن توێژەران و ڕەخنەگرانی بواری سینەما وای کردووە کە نەتوانرێ پێناسەیەکی دیاریکراو و دیدوتێڕوانێکی یەکگرتوو لەسەر سیمبول و هێما و نیشانەکانی ناو فیلم کۆدەنگی لەسەر هەبێت. بەڵام فرە خوێندنەوە و فرە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەهەندی لەسەر بەکاربردنی هێماکان و ماناکانی ناو هەر فیلمێک دێنێتە ئاراوە. لە ڕاستییدا هەر فیلمێکی سینەمایی لە هەناوی خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێ سیمبول و مانا و نیشانەی شاراوەیە، کە دەرهێنەر بە ئامانجی گرێدانی بینەر بە فیلمەکەیەوە کاری لەسەر کردوون، ئەم مانا و سیمبولە شاراوانە لە ناو فیلمدا دەبنە هۆکارێک تا بینەر بەباشی ڕۆبچێتە ناو فیلمەکەوە و هەڵوەدای ڕووداوەکانی بێت و بە دوای دۆزینەوەی جەمسەر و نهێنیەکاندا بگەڕێت. دیارە بەکارهێنانی نیشانە و سیمبول لە فیلمێک بۆ فیلمێکی تر جیاوازە، یان ڕاستتر بڵێین لە دەرهێنەرێک بۆ دەرهێنەرێکی تر جیاوازی هەیە، چونکە هەر دەرهێنەرێک خاوەن دیدگا و تێڕوانینی تایبەت بە خۆیەتی بۆ مرۆڤ و جیهان، کە لە ناو فیلمەکەدا ڕەنگدانەوە دروست دەکات و دەبێتە هۆی جیاوازی لە بەکارهێنانی سیمبول و ئاماژە و نیشانەکان و هێنانەکایەوەی ژانری فیلمی جیاواز. ئەوەی گرنگە بیزانین، هەموو ئەو سیمبول و نیشانە و مانا شاراوانەی کە لەناو فیلمدا هەیە بۆ ئەوەیە بینەر بگات بە شیکردنەوە و هەڵهێنجانی مانایەکی ڕوون و دروست بۆ تێگەیشتن لە پەیام و ناوڕۆکی فیلمەکان، بە مانایەکی تر بینەر ئەو کۆدانە بدۆزێتەوە کە دەرهێنەر نایەوێت وەک خۆراکێکی ئاسان دەرخواردی بینەرەکانی بدات. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین شیکاری و بەدواداچوون بۆ چەند فیلمێکی سینەمایی کوردی بکەین و سیمبول و مانا شاراوەکانی ناو ئەم فیلمانە دەستنیشان بکەین، ئەوە بخەینەڕوو کە چۆن سیمبول وەک و پێکهاتەیەکی گرنگی فیلم و هۆکاری دەستی دەرهێنەر بۆ خستنەڕووی بیرۆکەکانی لە لایەک و لە لایەکی تر وەک ئامرازێکی گرنگی زمانی سینەما بەکارهاتووە و دەرهێنەران چۆن کاریان لەسەر مانا شاراوەکانی ناو فیلمی کوردی کردووە و دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەم سیمبول و مانایانە چی بڵێن و چۆن مەبەست و بیرۆکەی خۆیان خستۆتەڕوو. زاراوەی سیمبول مێژوویەکی دوور و درێژی لە زانستی (لاهوت-theology)دا هەیە، هاوتای (creed)ە واتا (دەستووری باوەڕی مەسیحیەت). (حەمەد، ٢٠١٢: ٦). هەروەها لە کۆنەوە لە دروشمە ئایینی و هونەرەجوانەکاندا بە گشتی و لە شیعردا بە تایبەتی بەکار هاتووە، سەرەتا لای فەیلەسوفی ئەمریکی "چارلز ساندرز پێرس" ( Charles Sanders Peirce1839–1914) بەناوی (سیمۆتیکا) ناسرا و دواتر لەلای زمانناسی سویسری "فردیناند دی سۆسێر" (Ferdinando Saussure1913–1857) بە(سیمۆلۆژیا) دەرکەوت کە ئەو "پێیوایەزمان سیستەمێکی ئاماژەکارییە، بۆیەزمانناسی دەبێ‌بەبەشێك لەناو ئاماژە، بەواتای ئاماژەی زمانەوانی ئەو دووانەن کەناتوانین لەیەکتریان دابڕین، ئەویش (دال/ مەدلول)ن). (جامی، ٢٠١٧: ٢). لە فەلسەفەی ئایدیاڵیزمدا بنەمایەکی پتەوی هەیە، بە تایبەت فەلسەفەی ئەفلاتون و کانت کە هەردووکیان جیهانیان لەسەر بنەمای شاراوە و ئاشکرا دابەش کردووە، هەروەها سایکۆلۆژییەتی سیمبول لای دەروونناسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیهانی " سیگمۆند فرۆید" (Sigmund Freud 1856-1939) ئەوەیە کە "بەرهەمی خەیاڵی نەست و سەرەتاییە، لە وێنەی کەلەپور و ئەفسانەکان دەکات"، (عزت، ٧٧٧: ٦). بەڵام "کارل گوستاڤ یۆنگ" (Carl Gustav Jung 1875-1961)، تێڕوانی بۆ سیمبول ئەویە کە وێنەیەکی بەهیزتر و نزیکتری لە شێوازی بەرهەمی ئەدەبی وەردەگرێت و ئەو "ئەوەی ڕەتکردەوە کە سیمبول تەنها پەیوەست بێت بە نەست، بەڵکو تێیدا هەست و نەست تێکەڵ دەبن"

دەشێ ئەو پێناسەی "ئەندرێ لالاند" (André Lalande1867-1964) فەیلەسوفی فرنسی کە بۆ چەمکی سیمبولی کردووە بەس بێت، لە کتێبی "فەرهەنگی هونەری و ڕەخنەی فەلسەفە"دا دەڵێ (سیمبول بریتییە لە نیشانەیەکی هەست پێکراو بە هۆی پەیوەندیەکی سروشتییەوە باسی شتێک بکات کە بینراو بێت)، (سید ضا، ١٣٨٧: ٥٣٨). ڕەنگە لەسەر ئەم چەمکە لێکدانەوەی جیاجیا هەبێت و بەردەوامیش راڤەی تازەی بۆ بکرێت. دەشێ (سیمبول یان سیمبولیزم ڕێبازێکی لێکدانەوەبێت، بۆ ڕاڤەکردنی خەون و ئەفسانەکان و خورافەو پەندی پێشینان و گۆرانییەمیلییەکان وزمانی ڕۆژانەو خەیاڵی شاعیرەکان بەکاربهێنرێت)،(محەمەد، ٢٠١٣: ١). سیمبولەکان لە هەر روانگەیەکەوە لێکبدرێنەوە، کۆمەڵێ خاڵ و خاسیەت هەن کە بەیەکەوە دەیان بەستێتەوە، دەتوانین کاری سیمبول لە ناو فیلمدا بەم شێویە دەستنیشان بکەین:

١-هەموو سیمبولێک لە بڕی شتێکی ترە. واتە دەرخستنی مانایەکە کە لە پشتی سیمبولەکەوە خۆی حەشارداوە.

٢-هەموو سیمبولێک مانای دووانەیی هەیە، واتا بەشداری کردنی دوو واتا یان زیاتر، لە یەک وشەدا، مانایەکی سادە کە بە ئاسانی بینەر لێی تێدەگات، مانایەکی شاراوە کە بەهۆی مانا سادەکەوە ئاشکرا دەبێت.

٣-هەموو سیمبولێک ڕەگەزی واقیع و خەیاڵی هەیە. لایەنی واقیعی سیمبول بۆ کردنەوەی کۆدەکانی خەیاڵی دەرهێنەرە.

٤-هەموو سیمبولێک خاوەن هێزێکە، یان خاوەن ئەرکێکی دووانەییە.

٥-شاراوەیی واتایەک و دەرکەوتنی ئەویتریان، لە پێناو سروش بەخشین و کاریگەری مەعنەوی و دەروونی.

لەم چەند خاڵەدا، تەواو لەوە دەگەین کە سیمبولەکان چ ڕۆڵێک دەگێڕن لە ناو فیلمدا، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە شیکردنەوە و بۆچوونی جیاوازی لەسەر نەبێت، وەک بینیمان فەیلەسوف و بیریاران لەسەر ئەم چەمکە هەر یەک و قسەی خۆیان کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٣-سیمبول و مانا شاراوەکانی ناو فیلمی کوردی

فیلمی کوردی وەک هەر فیلمێکی تری جیهانی، بەدەرنییە لە بوونی مانای شاراوە و سیمبول، دەرهێنەرانی کورد لە دووتوێی فیلمەکانیاندا سیمبولی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە و ویستوویانە لە ڕێی سیمبولەکانەوە مانای قوڵ دروست بکەن و بینەر بە ناوەڕۆکی فیلمەکانەوە گرێ بدەن. لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو سیمبول و مانا شاراوانە دەکەین کە چۆن لە ناو ئە فیلمانەدا بەکاربراوە.

یەکەم: ناوی فیلم وەک سیمبول

ناولێنانی فیلم کردارێکی هەرەمەکی نییە و وەک شوناسی فیلم سەیر دەکرێت و گرێدراوی ناوەڕۆکی فیلمە، هەندێ جار دەبێتە تەواوکەری ماناکانی ناو فیلمەکە و هەندێجاریش وەک کلیلێک وایە بۆ کردنەوەی کۆدی ماناکانی فیلم بە ڕووی بینەردا، جار هەیە "ناو"ەکە ڕاستەوخۆ بەر بینەر دەکەوێت و جاریش هەیە، لە شێوەی سیمبول خۆی نیشان دەدات، لە فیلمی "ئاپارتمانی مێروولەکان" (ئەمانی، ٢٠١٥). لە دەرهێنانی "تۆفیق ئەمانی" ئەوە بەرجەستە دەبێت، چونکە لە ناو فیلمەکەدا نەک ئەپارتمان بەڵکو هیچ شوێنێکی تێدا نییە بۆ ژیان بشێ، ئینجا بۆ دەبێت مێروولەکان لە ئەپارتماندا بژین، هەڵبەتە دەرهێنەر وەک هێما و ئاماژەیەک بۆ ڕۆحی بێگەردی ئەو خانەوادە ئەنفالکراوەی چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە و وەک سیمبولێک ئەپارتمانی بۆ ئەو شانە مێروولەیە بەکارهێناوە کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی فیلم لە هاتووچۆ دان و گوزارشت لە بێگەردی و ژیانی ڕۆژانی بەر ئەنفال کردنیان دەکات.(ئەمانی، ٢٠١٥). لە فیلمی " بەکرێگیراوی سپی" لە دەرهێنانی "تەها کەریمی"، بینەر ڕاستەوخۆ لەوە تێدەگات، دەرهێنەر چیرۆکی کەسێک دەگێڕێتەوە کە بەکرێگیراوە، بەڵام پێچەوانەی مانا نێگەتیڤیەکەی. لەو فیلمەدا کە باس لە سەرۆک جاشێک دەکات لە پرۆسەی ئەنفالدا ڕۆڵی پۆزەتیڤی هەبووە و چەندی بۆی کرابێت هەوڵیداوە ڕۆڵی رزگارکەر ببینێت، بۆیە دەرهێنەر بە بینەر دەڵی ڕاستە ئەو پیاوە لە فۆرمدا بەکرێگیراوێکی ڕژێم بووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ڕەفتاری باش بووە.(کەریمی، ٢٠١٢).

دووەم: سیمبولی ژمارە لە فیلمی کوردیدا

هەندێجار ژمارەکان لە ناو فیلمی کوردیدا، تەنها مانای ژمارە ناگەیەنن، بەڵکو هەڵگری مانا و سیمبولن، بۆ دەربرینی ئەو ڕووداوانەی ڕوویداوە، بۆ نموونە لە فیلمی "١٦-٣" لە دەرهێنانی "دانی دارین" بینەری کورد یەکسەر خەیاڵ دەیباتەوە بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە، لە کاتێدا ئەگەر بینەرێک هیچ زانیارییەکی لەسەر کیمابارانکردنی هەڵەبجە نەبوبێت دواتر لەوە تێدەگات کە ١٦-٣ ئەو ڕۆژەیە شاری هەڵەبجە بە چەکی کیماوی بۆردومانکرا. (دارین، ٢٠١٦) هەروەها کاتێک ژمارە "٥٠٠٠" لە ناو فیلمی کوردیدا ئاماژەی پێدەدرێت، دەزانین مەبەست لەو ژمارەیە شەهیدبوونی دانیشتوانی هەڵەبجەیە لەو بۆردوومانە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کیمیاوییەدا. هەر وەک ژمارە "١٨٢٠٠٠" کە ئاماژەیە بۆ قڕکردن و ڕەشبگیری و بێ سەروشوێنکردنی خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی بەد ناوی "ئەنفال"دا. لە سینەمای جیهانیش هەرکاتێ "١١ سێپتمبەر"مان بەر گوێ دەکەوێت، تێدەگەین کە باس لەو هێرش و پەلامارە تیرۆریستییە دەکات کە لە ساڵی ٢٠٠١ لە ئەمریکا ئەنجامدرا.

سێیەم: جلوبەرگ وەک سیمبولی نەتەوە

یەکێک لە سیما گرنگەکانی ناسنامەی نەتەوەیی، دوای خاک و زمان، پۆشاک و جلوبەرگی تایبەتە بەو گەل و نەتەوەیە دێت، کە وەک سیمبول و هێمایەک بۆ ناسینەوە و تایبتمەندی دەبینرێت و بەشێکی گرنگە لە میراتی شارستانیی هەر میلەتێک. جلوبەرگی کوردی خاوەن سیما و خاسیەتی خۆیەتی، بە نموونە پۆشاکی ئافرەتی کورد لە چەندین ڕەگەزدا خۆی دەنوێنێت. باڵاپۆشە، فرە پارچەیە، دیزاینێکی دەوڵەمەند و شاهانەی هەیە، بێ سنوور دەرگا بە ڕووی ڕەنگ و نەخش و فرەیی پێکهاتەیان دەکاتەوە، لە بەرزترین ئاستی جوانی و شۆخ و شەنگیدا، خزمەت بە لایەنەکانی جوانیی ئافرەت دەکات.(کارێزی، ٢٠٢٢: ٣). هەروەها جلی کوردی پیاوانە، لە دیزاین و ڕیکخستنیدا لەگەڵ شێوە و ژیان و هاوئاهەنگی لەگەڵ سروشت و دەورووبەردا دێتەوە و خاوەن شێوە و تایبەمەندی خۆیەتی و لەناو جلوبەرگی جیهانیدا دەناسرێتەوە. فیلمی کوردی بە ئاگایی و مەبەست بووبێت یان ڕێکەوت و چیرۆکی فیلمەکە وای خواستبێ، لە نمایشکردنیدا کاتێ جلوبەرگی کوردی دەبینرێت وەک سیمبول و ناسینەوەی نەتەوەی کورد سەیر دەکرێت، کە پاڵەوانێکی فیلمێک یان ئەکتەرێک جلی کوردی لەبەرە، بینەر ڕاستەوخۆ خەیاڵی دەچێتەوە سەر شوێن و ڕووداوەکانی کوردستان. لە فیلمی "دارگوێز"ی ئێرانی دەرهێنەر"محەمەد حەسەن مەهدەویان، وەختێک ئەکتەری ناودار "پەیمان مەعادی" ڕۆڵی قادر دەبینێ بە جلوبەرگێکی تەواو کوردییەوە، بینەر یەکسەر ڕووداوەکانی ئەم فیلمەی بۆ ئاشکرا دەبێت کە پەیوەندداره بە کوردەوە، ڕاستە کۆی فیلمەکە باسی کیمابارانی کوردانی سەردەشت دەکات لە لایەن ڕژێمی عیراقەوە، بەڵام ئەوە جلوبەرگی ئەکتەرەکانە کە ئەو وابەستەیە بە زمان و خاکەوە گرێدەدات، خۆ ئەگەر جلوبەرگ لەم فیلمە بهێنینە دەرەوە ئەو ئەتمۆسفێرە کوردییە بەشێکی زۆری لەدەست دەچێت. هەروەها لە فیلمی "کچانی خۆر"ی دەرهێنەر "ئێڤا هوسۆن"، کە باس لە خەبات و بەرخودانی کچانی شەڕڤانەکانی کوردیی کۆبانێ لەدژی گروپی تیرۆریستی داعش دەکات، ئەکتەری ناوداری سینەمای ئێرانی "گوڵشیفتە فەراهانی" بە جلوبەرگی شەرڤانان دەردەکەوێت، تەواو ئەو هەستەمان پێ دەبەخشێ کە کچێکی کوردە و بەرگری دەکات، مەبەستمە بڵێم ئەگەر ئەکتەر و دەرهێنەر کوردیش نەبن، چیرۆکەکەش کوردی بێت،

ئەوە جلوبەرگە ئەو توخمانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و تەواو لەگەڵ ڕووداوەکانی فیلمەکە گرێمان دەدات و شوناسی کوردی بە کۆی فیلمەکە دەبەخشێت.

چوارەم: سیمبول بوونی ڕەنگەکان

ڕەنگەکان سیمبولن و بە بەکارهێنانیان هەستی بینەر ئاراستە دەکەن. ڕەنگی سپی نیشانەی ئاشتییە و سوور نیشانەی شەڕ و شۆڕش و سێکسە، بەڵام زۆرجار لە سینەمادا بەپێی دۆخی دەروونی و لایەنی هونەری سیمبولی ڕەنگەکان دەگۆڕێن، دەرهێنەرەکان هەر یەک بەپێی دید و ڕوانینی خۆیان کار لەسەر ڕەنگەکان دەکەن، بۆ نموونە لە فیلمی "سرتە لەگەل با" زیاتر لە چل ژن و دایک دەبینین دێنە سەر گۆڕستانێک کە گۆڕەکان هیچ نیشانەیەکی ناسینەوەیەیان لەسەر نییە، سەرجەم ئەم ئافرەتانە بە ڕادەیەک ڕەشپۆشن کە هیچ تروسکاییەکی ژیانیان تێدا نابینرێ، ڕەنگی ڕەش لە نێو کلتوری کوردیدا و لەو دیمەنەدا واتای ئەوپەڕی خەمناکی دەگەیەنێ و بینەر بە بینی ئەم دیمەنە ڕەشپۆشە تێدەگات، ئەو ئافرەتانە لە نێو چ دۆزەخێکی ژیاندا دەسووتێن. (عەلیدی، ٢٠٠٩: ٣٠). هەروەها هونەرمەند "ئەحمەد سالار" بەمشێویە باسی ڕەنگی ڕەش دەکات: "ترس و بیم و شەو وتاریکیی و نابینایی، تەعزییەباری و کۆستکەوتوویی و گەلێک جاریش بۆ وقار و شان و شەوکەت نواندنە" (سالار، ٢٠٠٩: ٧١).

پێنجەم: بەکارهێنانی دەنگ و میوزیک وەک سیمبول

لە فیلمی (ژیان) دەرهێنانی جانۆ ڕۆژبەیانی، بەر لە هاتنی تایتڵی سەرەتای فیلم، چەند دیمەنێکی کیمابارانکردنی شاری هەڵەبجە نیشان دەدرێت، کە چۆن ئەو هەموو خەڵکە لە پیاو و ژن و منداڵ هەر یەک بە جۆرێک بەر کیمیاوی کەوتوون و گیانیان لە دەست داوە، دواتر لە گۆشەیەکی تاریکی ژوورێک دەنگی منداڵێک دەبیستن کە لە ناو بێشکەیە و دەگریت، بە بیستنی ئەو دەنگە هەست بە بەردەوامی ژیان دەکەین، دەرهێنەر دەیەوێت بڵێت کورد نامرێ، لە ڕێی دەنگی گریانی ساوای ناو ئەو بێشکەیە مژدەی لە دایکبوون بە بینەر دەبەخشێ، دەتوانین گریانی ئەم منداڵە وەک سیمبولێک بۆ بەرەنگاری و هەستانەوەی نەتەوەی کورد وێنا بکەین، هەر لەدوای ئەو دەنگەوە هۆرەیەکی هەورامی دەست پێدەکات، کە هەمان ئاماژەی بەردەوامی و دەسپێکی ژیانێکی تازەیە، واتە لە ڕێی دەنگی گریانی ئەو منداڵە و ئەو هۆرەیە، بینەر تەواو لە نائومیدی دیمەنەکانی پێشتر دادەبڕێت و پڕ دەبێت لە خوڕەی ژیان. (ڕۆژبەیانی، ٢٠٠٢).

شەشەم: پرۆپس هەڵگری جۆرێک لە سیمبول

ڕەنگە باشترین نموونە بۆ بەکارهێنانی پرۆپس (ئەکسسوار) لە فیلمی کوردی، ئەو ریکۆردەر دەنگییە بێت لە فیلمی "سرتە لەگەڵ با"ی دەرهێنەری کورد "شەهرام عەلیدی" کە چۆن ڕۆڵێکی سێنترال دەبینی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ئاگاداربوون و هەواڵی یەکتر، لە ڕێی ئەو ریکۆردەرەوە مام باڵدار هەواڵی نێوان خەڵکی گوندە پەراوێزخراوەکانی ناو جینۆسایدی ئەنفال دەگوازێتەوە، تەنانەت عاشقەکانیش لە ڕێی ئەو ریکۆردەرەوە هەستی خۆیان دەگۆڕنەوە، هەر لە ڕێگەی ئەم ئامێرەوە کچێک هاوار و نزای خۆی بۆ خوا دەنێرێ و داوا دەکات لەو مەرگەساتی ئەنفالەدا فریایان بکەوێ. ئەم ریکۆردەرە سیمبولی مانەوە و بەیەکەوە بەستنی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە بەهۆی ڕەشبگیری و شاڵاوی ئەنفالەوە هەر یەکە و لە گۆشەیەکی وێرانەی ئەم شاخ و کێوانەدا ڕۆژ دەکەنەوە. پێشمەرگەیەک کە خێزانەکەی لە گوندێکی ژێر دەسەڵاتی حکومەتە و تازە منداڵی بووە، داوا لە مام باڵدار دەکات دەنگی گریانی منداڵەکەی بۆ ریکۆرد بکات و بۆی بهێنی. تیپێکی وەرزشی تۆپی پێی منداڵان پەیام بۆ تیپێکی تر لە ناوچەیەکیتر دەنێرن تا بەیەکەوە یاری ئەنجام بدەن، بەڵام کاتێ مام باڵدار دەگاتە یاریگاکە جگە لە ئێسک و پروسکی منداڵەکان هیچیتر نابینێ، بۆیە پەیامە دەنگییەکە بۆ دەست و قاچی بە جێماوی ژێر خۆڵ پەردو پەخش دەکات. لەم فیلمەدا ریکۆردەر وەک پرۆپس و سیمبولێکی کاریگەر ڕۆڵی خۆی دەبینێ و وەک سیمبولێکی بەهێز بۆ مانەوە و بەردەوامی نەتەوەی کورد خۆی دەنوێنێ. (سرتە لەگەڵ با، ٢٠٠٩).

حەوتەم: داستانەکان وەک سیمبول

کەلەپوور و داستانەکان کایەکی گرنگی سیمبولی نەتەوەن، پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەنێوان کەلەپوور و بابەتی سەردەمیانەدا هەیە، چونکە رابردوو بە ئێستاوە گرێدەدات. داستانی (شیرین و فەرهاد) (قەڵای دم دم، دوانزە سوارەی مەریوان، خانزادی میری سۆران)، گەورەترین سیمبولی بەرخودان و بەرەنگاری نەتەوەی کوردن و سەرچاوەیەکی گرنگی سیناریۆن، تەنانەت داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی کە سیمبولی عەشقە لە ناو کوردان چەندین جار بۆتە بابەتی فیلم، لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن دەرهێنەر"Ümit Elçi" کراوتە فیلم، بەڵام بەهۆی قەدەغەبوونی بەکارهێنانی زمانی کوردی لەو سەردەمەدا، بە زمانی تورکی دروستکرا. ئەم فیلمە بە نیشاندانی ئێوارەیەکی نەورۆز دەست پێدەکات، کە خودی "نەورۆز"یش وەک سیمبولێک ئاماژەیە بۆ بەرەنگاری و قبوڵ نەکردنی ستەم و چاوسانەوە.

دڵنیام لە ئایندەدا داستانە کوردییەکان دەبنە مژار و بابەتی سینەما کە وادەکات بینەر لە سینەمادا لایەنێکی گرنگی مێژووی خۆی ببینێت و دۆخی ئێستاشی پێ ڕاڤە بکات.

## 1-3-3. شیکردنەوەی نموونەی فیلم: جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە فیلمی (ڕەشەبا)دا.

سیناریۆی: مەمەت ئەکتاش، حوسێن حەسەن

دەرهێنانی: (حوسێن حەسەن*)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

*(حوسێن حەسەن ساڵی ۱۹۷٤ لە شاری دهۆک لە دایکبووە و ساڵی ۱۹۹۲ لە تەلەفزیۆنی دهۆک دەستی بە کاری هونەری کردووە. سەرەتا کاری شانۆی کردووە، دواتر پرۆگرامی تەلەفزیۆنی دروست کردووە. هەروەها دەرهێنانی بۆ فیلمی درێژی سینەمایی "نێرگز دە پشکوێت" ساڵی ۲۰۰٦ و فیلمی "هەرمان" ساڵی ۲۰۰۹ و فیلمی "بووکی باران" ساڵی ۰۰۰ و فیلمی "بێدەنگی شەرمەزارییە" ساڵی ۲۰۰۹. ناوبرا بەشداری چەندین فێستیڤاڵی ناوخۆ و جیهانی کردووە و خاوەنی چەندین خەڵاتی ناوخۆ و دەرەوەیە بۆ فیلمەکانی.

تایتلی فیلمی ڕەشەبا

-بەرهەمهێنەر: مەمەت ئەکتاش

-بەڕێوەبەری وێنەگرتن: تورەج ئەسلانی

-مۆنتاژ: ئیبراهیم سەعیدی

-تۆماری دەنگ: هادی سەید موحرەم، شەهرام ئامێدیان

-دانانی میوزیک: مستەفا باپیر

-ئارت دایرێکتر: جەلال سەعید پەنا

-دیزاینی جلوبەرگ: گوڵشان ئۆزیر

-مێیکئەپ: مەحمود ئیسمانی، ئەبرو ئەرگین

-میکسی دەنگ: ئومەت شەنیۆل

-زمان: کوردی، عەرەبی

-ماوەی فیلم: ۹۲ خولەک

-بەرهەمهێنانی: کۆمپانیای میتۆس فیلم و بەرێوبەریەتی سینەمای دەهۆک و پارێزگای دەهۆک.

-بۆیەکەمینجار لە ۹ی ئەیلولی ساڵی ۲۰۱٦، لە "چوارەمین فیستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی دەهۆک" نمایشکرا.

ئەکتەرە سەرەکییەکانی فیلمی ڕەشەبا:

(ریکیش شاباز بە ڕۆڵی رەکۆ، دیمەن زەندی بە ڕۆڵی پێرۆ، مریەم بوبانی بە ڕۆڵی غەزالی دایکی پێرۆ، عادل عەبدولرەحمان بە ڕۆڵی ڕەشۆی باوکی پێرۆ، عەبدوڵلا تەرهان بە ڕۆڵی هادی باوکی ڕێکۆ، نالین کۆبانی بە ڕۆڵی دایکی ڕەکۆ، مەسعود عارف بە ڕۆڵی فەرماندەی پێشمەرگە، شێرزاد عەبدوڵلا بە ڕۆڵی دکتۆر، سالح عارف بە ڕۆڵی ئەندازیاری ئەمریکی، هەکار عەبدولقادر بە ڕۆڵی شۆفێری ئەندازیار).

١-پوختەیەک لە چیرۆکی فیلمی "ڕەشەبا"

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕێورەسمێکی ئێزیدیانە و بە سروتێکی ئایینی "ڕێکۆ و پێرۆ"، مارە دەبڕێن، ڕێکۆ پێشمەرگەی پاسەوانی کۆمپانیانیەکی دەرهێنانی نەوتە و دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی، لەچاوەڕوانی گەیشتن بە پێرۆ ڕۆژەکانی دەژمێرێ. لەوکاتەدا داعش بەشێوەیەکی کتوپڕ هێرش دەکاتە سەرشەنگال و لالش، ئەوەی بەردەستیان دەکەوێت لە ژن و کچی لالش دەیبەن، هەندێک لە خەڵکی لالش دەتوانن هەڵبێن و هەندێکی تریان بە دیل دەگیرێن یان بەرگری دەکەن و دەکوژرێن. ئەو کچە گەنجانەی ڕفێنراون کە "پێرۆ"ش یەکێکە لەوان، وەک سەبایە لە بازاڕێکی کڕین و فرۆشتندا هەراج دەکرێن. ڕێکۆ کە هەواڵی داگیرکردنی لالشی پێدەگات دەستبەجێ کارەکەی جێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە، سەرەتا دایک و باوکی و خێزانی پێرۆ لە کەمپێکی پەنابەران دەدۆزێتەوە، بەڵام پێرۆ بێسەروشوێنە. بۆیە بێوچان بەدوای خۆشەویستەکەیدا دەگەڕێت، لە ڕێی پرسیارکردن و بە کۆمەکی فەرماندەیەکی پێشمەرگە و پێدانی نامەیەک بۆ فەرماندەی هێزەکانی یەپەژە بەناوی بێریڤان لە سوریا، پێرۆ دەدۆزێتەوە، لەوکاتەدا کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە لەگەڵ تیرۆرستانی داعش تووشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت دەبن، ڕێکۆ بە سووکی بریندار دەبێت بەڵام سەردەکەون و لەگەڵ پێرۆ بۆ لای کەسوکاریان دەگەڕێنەوە ناو کەمپەکە، دواتر دەزانرێ کە پێرۆ بە قوڵی تووشی کارەساتێکی گەورە بووە، ئەویش لەدەستدانی پەردەی کچێنییە، لێرەدا ململانێ دەروونییەکان دەست پێدەکات، کۆمەڵگە و خەڵکی دەورووبەر ڕۆڵێکی زۆر نەرێنیان دەبێت و فشاری زۆر بۆ هەر دوو خانەوادەکە دروست دەکەن، تا دەگاتە ئەوەی شیرازەی پەیوەندییەکانی ئەو دوو خێزانە تێک بچێت. پێرۆ لە دۆخێکی دەروونی ئاڵۆز دادەبێت تەنانەت ناتوانێ قسەش بکات، بۆیە چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتن دەدات، دواجار دەیەوێت خۆی فڕێبداتە ناو دەریاێکەوە و خۆی لەناوبەرێت، بەڵام ڕێکۆ فریای دەکەوێت، لە نێوان خۆفڕێدانە ناو دەریاکە و خنکانی پێرۆ و بەیەک گەیشتن و بەردوامی لەگەڵ ڕێکۆ، فیلمەکە کۆتایی دێت. بینەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەمێنێتەوە، ئایا خۆشەویستی ڕاستەقینە بەسەر ئەو دۆخەدا زاڵ دەبێت و ڕێکۆ قبوڵی پێرۆ دەکات و هاوسەرگیری دەکەن؟ یان پێرۆ بەمەرگی هەتاهەتایی شاد دەبێت.

لە دەسپێکی فیلمەکەدا بە زمانی ئینگلیزی ئەم پەراگرافە نیشان دەدرێت: "ئایینی ئێزیدی یەکێکە لە کۆنترین ئایینەکانی میزۆپۆتامیا و لالش کە نزیک پارێزگای دهۆکە پەرستگای پیرۆزیانە و داخراوە. چونکە لە هاوینی ٢٠١٤ ڕێکخراوی تیرۆریستی "دەوڵەتی ئیسلامی" هێرشی کردە سەر ناوچەی شنگال لە هەرێمی کوردستان و گەلی ئێزیدی کۆمەڵکوژ کرد. ئیسلامییە چەکدارەکان پێکهاتەی ئایینی غەیرە موسڵمان بە شەیتان پەرست دەزانن. لە کاتی هێرشەکەدا دە هەزار کەسیان کوژران یان ناچار بوون ببنە موسڵمان. تیرۆریستان ژنە گەنجە ئێزیدییەکانیان گرت و لە بازاڕەکان وەک کۆیلە فرۆشتیان.". هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کۆتایی فیلمەکەشدا ئەم پەڕاگرافە نیشان دەدرێت: "لە ئێستادا نزیکەی 500.000 ئێزیدی کە لە ئازار و ئەشکەنجەدان رزگاریان بووە وەک پەنابەر لە ناوچە پارێزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەژین. هەندێکیشیان هەوڵدەدەن کۆچ بکەن بۆ ئەوروپا"

## ٢-تێڕوانینی دەرهێنەر لە بەرجەستەکردنی جینۆساید لە فیلمی ڕەشەبادا

فیلمی ڕەشەبا راستەوخۆ و بەشێوەیەکی زۆر ڕیالستی گوزارشت لە جینۆسایدی شەنگال دەکات و چرکەساتی هێرش و پەلامارەکانی داعش بۆ سەر لالش لە دوتوێی وێنەی سینەمایی و بە زمانێکی ئیستاتیکی و فیکری بەرزەوە دەخاتەڕوو. تێڕوانی دەرهێنەر بۆ داعش لەو دیمەنە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کاتێک دەست بەسەر لالش دادەگرن هەرچی ئامێری مۆسیقا و تەلەفزیۆن هەیە کۆیاندەکەنەوە و دەیسوتێنن، ئەمە وەک سیمبولێک بۆ شوناسی ئەو هێزە تاریکە کە دژی جوانی و پێشکەوتنن، بە دەمامک و جلی ڕەشەوە پەلامار دەدەن و ئارامی و ژیانی مەردومگەلێک دەشێوێنن تەنها لەبەر ئەوەی وەک ئەوان بیر ناکەنەوە.

ڕووداوەکانی فیلمەکە دابەش دەبێت بەسەر دوو قۆناغدا: قۆناغی هێرش و پەلامارەکانی داعش و قۆناغی رزگاربوونی پێرۆ و دۆخی خراپی دەروونی ئەو و خێزانی هەردوو لایە، کە بەشی هەرە زۆری فیلمەکەی لەسەر درووست کراوە، دەرهێنەر بە وردی پەنجەی خستۆتە سەر ئەو لایەنەی کە جڤاتی ئێزیدی لەسەری کۆکە، ئەویش مەسەلەی شەرەفە کە گرێدراوی جەستەی ژن و پەردەی کچێنییە، واتە شەرەفی پیاو لە پاکیزەیی مێینەدا خۆی دەبینێتەوە. هێزی عەشق و خۆشەویستیش لەبەرامبەر هەژموونی ناموسی ژن دەکەوێت خەتەرەوە، ئەوەتە ڕێکۆ لەگەڵ ئەو سۆز و عەشقەی بۆ پێرۆی هەیە، بەدگومانی گەمارۆی داوە و ناتوانێت بوێرانە بڕیار بدات و پشت لەو دیدە کۆنەپارێزەی کۆمەڵگە بکات. ژنەکانیش لەم کۆمەڵگەیەدا قوربانی سەرەکین و توانای بەرگرییان نییە، وەک پێرۆ کە لە ئاست ئەم دەستدرێژییە سێکیسیەی داعشەکان لە زمان کەوتووە و توانای گوزارشتکردنی لە مەینەتیەکانی نەماوە. هۆکاری هەموو ئەمانەش ئەو ئەجێندایەیە کە داعش لەسەری ئیش دەکات، جەستەی ژن وەک کێڵگەیەک دەبینن بۆ بەتاڵکردنەوەی حەز و ئارازووەکانیان، بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی ئینسانی.

دەرهێنەر لە هەندێ شوێندا لە ڕوانگەیەکی نەتەوەی باس لە سنوور دەکات و لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و یەپەژە دەیەوێت بڵێت ئەگەر کورد یەک بێت، بەسەر دوژمنەکانیدا زاڵ دەبێت، لەسەر زاری شۆفێری تاکسییەکەوە کە بۆ ڕێکۆ قسە دەکات و دەڵێ: "تو زانی ڤی لایێ گومرکێ و لایێ دی، بو من هەر وەکی ئێکە، بێژە بو چی؟ ڤێرێ ژی کوردستانە وێریژی، ئەڤ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سنورێت ناڤبەرا مەدا دڤێت بهێنە راکرن". ئەم دیدەی دەرهێنەر بەتەواوی لە دیمەنی شەڕکردنی ڕێکۆ و شەڕڤانان بەرامبەر داعش دەردەکەوێت.

دیارترین دیدگای دەرهێنەر لە فیلمەکەدا لە کۆتایی دایە، کاتێک بڕیار لەسەر چارەنووسی پێرۆ و ڕێکۆ نادات و دەیەوێت خۆی بەتەنیا ئەم گرفتانە یەک لایی نەکاتەوە و بینەریش بەشداربێت لە دەستنیشانکردنی چارەنووس و ئاریشەکانی نێوان پێرۆ و ڕێکۆ و ئەو دوو خانەوادەیە، بە دیوێکی دیدا دەیەوێت بڵێت فیلمەکە هێشتا تەواو نەبووە، ئەوە ئێوەی بینەرن دەبن بەشێک لە فیلمەکە و کۆتایی بۆ دادەنێن، بۆیە کۆتایی فیلمەکە بە کراوەی دەهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی بینەر وەک بیرکەرەوەیەک ئاوقای ڕووداوەکانی فیلمەکە بێت، لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین فیلمەکە بە چەند ئەگەرێک کۆتایی بۆ دابنێین: پێرۆ لەسەر دەریاکە خۆی فڕێدەدات ناو ئاوەکە و دەخنکێ و ڕێکۆش لەبەرامبەردا تەنها و سەرگەردان دەمێنێتەوە. یاخود ئەو کاتەی پێرۆ خۆی فڕێ دەداتە ناو ئاوەکە، وەک هەڵوێسێک و وەفاداریەک ڕێکۆش خۆی فڕێ دەدات، پێیوایە مانەوەی دوای ئەو سەختە، بۆیە بەیەکەوە دەخنکێن و دەمرن. وەک سەرجەم داستانە کوردییەکان کە بەمەرگی هەردوو قارەمان تەواو دەبێت. دەشێ کۆتاییەکی بە شادی بێت و ڕێکۆ نەهێڵێت پێرۆ خۆی فڕێدات و بچێتە لای و لە باوەشی برگێ و پێی بڵێ: ئەگەر پەردەی کچێنیشت نەمابێت، من ئامادەم هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم..!

## ٣-هێما و ئاماژەکانی جینۆساید لە ناو فیلمی "ڕەشەبا "دا

"ڕەشەبا" وەک هەر فیلمێکی تری هونەری ئاستبەرز، ئەگەرچی فیلمێکی تەواو ڕیالستییە، بەڵام لە دووتوێی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا چەندین هێما و ئاماژەی هونەری لە خۆگرتووە و دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو هێما و ئاماژانەوە بینەر بە ناوەڕۆکی فیلمەکە وابەستە بکات و بە جیهانبینی دەرهێنەر ئاشنای بکات. ئەگەر لە ناوی فیلمەکەوە دەست پێبکەین، دەبینین "ڕەشەبا" ناوێکی سادەیە و بێ پلان هەڵ نەبژێردراوە، بەڵکو پڕاو پڕی ناوەڕۆکی فیلمەکەیە، هێما و ئاماژەیەکی دروستە بۆ ئەو هێرەشەی "دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام" داعش لە شەنگال ئەنجامیدا، کە وەک ڕەوە کولە و لە ناکاو و بەکتوپڕی دابارینە سەر لالەش و لە چرکە ساتێکدا ئەوەی بەردەستیان کەوت لە کچ و ژنانی ئێزیدی بردیان و ئەوەشی بەرگری کرد، کوشتیان. ئەو ناوە "ڕەشەبا" هەڵگری ئاماژەیەکی نێگەتیڤە و لە نێو خودی فیلمەکەشدا، لەسەر زمانی پیاوە ئایینەکە کە لەناو پەرستگای لالش لەکاتی نزا خوێندنی بەسەر "پێرۆ و ڕێکۆ"دا، دەڵی: "وە رە کچا من ئەڤە ڕەشەبایەك بو ب سەرێ مە هاتی، ئەڤە نە جارا ئیکێ یە ب سەرێ مە دهێت، ئە ڤە فرمانا ٧٣ یێ یە سەرێ مە هاتی".

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر لەیەکەم دیمەنی فیلمکەوە هێنانی جوانەگایەک بۆ قوربانی هێمای ئەوە نیشاندەدات کە شتێکی پیرۆز هەیە و پێویستی بە قوربانییە، ئەویش لێک مارەکردنی "ڕێکۆ و پێرۆ"یە، دواتریش موزیک و گۆرانی ئاوێتەی ئەو قوربانییە دەبێت. ماچکردنی سەری ئەو شمشاڵەی پیاوێکی ئێزیدی دەیژەنێت هێمایەکی پڕە لە جوانی؛ بەوەی ئەوان چەند ژیاندۆستن و میوزیک چەند پیرۆزە لایان و ژیانیان لەگەڵ میوزیک و پاکی و بێگەردی هاوشان کردووە، هەر لەنێو ئاپۆرەی شادی و شایی ئەو مەردومگەلەدا هێمنیەکی قوڵ دەبینین، کە بینەر هەست بە ئارامی و دڵنەوایی دەکات.

ڕەنگ، هەڵگری جۆرێک لە هێما و ئاماژەیە، پۆشینی ڕەنگی سپی ژنە ئێزیدییەکان و پیاوە ئایینەییەکان لەو بۆنەیەدا (هێمای سادەیی و پاکیزەیی و پاکی دەگەینێت)، (moor,2014:106)، بەڵام دواتر بە ڕەشبیگری و ڕەشکوژی قەرەبوو دەکرێنەوە. هەروەها پۆشینی ڕەنگی ڕەشی پیاوانی داعش و دەمامکە ڕەشەکانیان هێمای ترسناک و مردن دەگەیەنێت، ئەوە نیشان دەدات مەرگدۆستی ئەوان و خوڵقاندنی ئەو تراژیدیایە بۆ قوربانیدانی ژیانی سەر زەوییە بۆ دونیایەکی ئەبەدی، کە ڕەنگە ئەوە تێزی بەشێک لە ئایینەکانیش بێت.

لەیەکەم دیمەنی هێرشەکەی داعش بۆ ناو لالش، گرتەیەکی (close up)ی ئاڵای داعش دەبینین، کە ڕەنگێکی ڕەشی هەیە و بە ڕەنگی سپی لەسەری نووسراوە (لا إله إلا الله محمد رسول الله)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو بیروباوەڕەی داعشی لەسەر دروست بووە، کە وەک خۆیان دەڵێن: "جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی و گەڕاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامییە"، ئاڵاکەش دەربڕی ناوخن و ناسنامەی ئەو هێزەیە. کاتێک لالش داگیر دەکەن، دێن ئاڵای کوردستان کە شوناسی نەتەوەیی و بوونی کوردە لەسەربانی "قوتابخانەی مەحفەلی بنەڕەتی تێکەڵاو" دادەگرن و ئاڵای ڕەشی خۆیان دادەنێن، ئەم دیمەنە لە ڕوانگە (پێرۆ)ەوە دەبینین و دەزانین کە ئیتر لالش لە لایەن ئەو هێزە داگیر کرا. هەر لە شوێنێکی تری فیلمە کاتێ هێزەکانی (یەکەکانی پاراستنی ژنان)، "پێرۆ" رزگار دەکەن و "ڕێکۆ"ی دەستگیرانی دەچێت دەیهێنێتەوە، ئاڵای ئەو هێزە دەبینین، کە دیسان گوزارشت لەو هێزە کوردییە دەکات.

لە دیمەنی پەلاماری داعشەکان بۆ ناو لالش بە ئۆتۆمبێلەکانیان و ڕەتبوونیان بە نێوان کێڵە بەرزەکانی گۆڕستانێک، ئاماژەیەکە بۆ ئەو هێزە کە لەگەڵ خۆیدا کوشت و کوشتار و خوێنی هێناوە و ڕەشکوژی و کۆمەڵکوژی بەرپا دەکات. هەروەها لە دوای گەڕانەوەی ئەو هێزەش لە باگکراوەندا گۆرساتانێکی تر دەبینین، کە دیسان هێمایە بۆ جێهێشتنی ئەو تراژیدیایەی داعش لە لالش ئەنجامیدا.

پەردەی کچێنی کە گرێی سەرەکی فیلمەکەی لەسەر بنیات نراوە و ناڕاستەوخۆ بۆتە چەقی ملمڵانی دەروونیەکانی ناو خێزانی پێرۆ و ڕێکۆ و قسە و باسی خەڵکی ناو کەمپەکە لەسەری، ئاماژە و هێمایەکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕوونە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی ڕۆژهەڵات کە چۆن ئەو "پەردەیە" بە شەرف و ناموس دەبەستنەوە، پیرۆ لە لایەن داعشەوە کڕین و فرۆشتن و دەستاودەستی پێکراوە و ئێستا ڕزگاری بووە بەڵام دوگیانە لە پیاوانی داعش، ئەمەش وایکردووە لە بارێکی دەروونی سەختدا بژیت، چونکە پەردەی کچێنی لەدەستداوە، کە وەک گوتمان لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا پایەکانی شەرەف و کەرامەتی لەسەر هەڵچنراوە و لەدەستدانی، تێکچوونی شێرازەی ژیانە و هەڵوەشانەوەی دەیان و سەدان خەونی وەک ڕێکۆیە کە دەیەوێت بە خۆشەویستەکەی بگات، ئەویش لەبەر لۆمە و هەژموونی خەڵک و خۆشی، دووچاری دەروونێکی شڵەژاو دەبێتەوە و نازانێ لە نێوان خۆشەویستی و ئەو دۆخەدا کامیان هەڵبژێرێت.

دیاری خەناوکەیەک لە ڕێکۆوە بۆ دەستگیرانەکەی، هێمای وەفاداری و دوپاتکردنەوەی خۆشەویشتی نیشان دەدات و لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت بڵێت من هێشتا تۆم خۆش دەوێت و تۆ هێشتا هەر هی منی، ئەو کاتەش کە پیرۆ دۆخی دەروونی تێکدەچێت دەیەویت ئەو ملوانکەیە بپچڕێنیت وەک هێمایەک بۆ کۆتایی هێنان بەو عەشقە، بەڵام ئەوە ناکات، چونکە ڕێکۆی خۆشەدەوێت، ئەوە خەڵکە وازناهێنن و دەیانەویت بە ناوی کڕینەوەی شەرەف ئەو خەونەی لەبار ببەن. "نان" وەک هێمای مانەوە و بەردەوامی ژیان لە لایەک و هێزی بەیەکەوە بەستنەوەی مرۆڤ لە لایەکی تر وەک سیمبولێکی لێوان لە ژیاندۆستی و بەردەوامی بەکاربراوە، ئەوەتە دایکی پیرۆ لەو بارودۆخە سەختەی ژیانی ناو کەمپی ئاوارەکان و ڕەوشی خراپی کچە تاقانەکەی تەنورێکی داناوە و نان دروست دەکات و بەسەر خەڵکدا دەیبەخشێتەوە، ئەو خەڵکەی بنکۆڵی ڕۆحی ئەو خێزانە دەکەن و لێناگەڕێن سارێژی برینەکانی خۆیان بکەن، هەر لە شوێنێکدا کە ڕێکۆ دەیەوێت بچێتەوە دەوامی پێشمەرگایەتی، دایکی پیرۆ بە پیرۆ دەڵێ هەندی نانی بدەرێ با لەگەڵ خۆی بیبات، لەو دیمەنەدا بە قەد گەرمی نانەکان هەست بە گەرمایی سۆزی دایک دەکەین بۆ پیرۆ و بۆ دەستگیرانەکەی.

یەکێکی تر لەو سیمبولانەی لە نێو فیلمەکەدا بەکارهاتووە و لە ژیانی ئێزیدییەکاندا بەهایەکی پیرۆز و گەورەی هەیە "ئاگر"ە. ئاگر یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دروستبوون و بەردەوامی گەردوون و یەکیکە لە پێکهاتەکانی سروشت لای ئێزیدییەکان، وەک "ئاخ و ئاف با و ئاگر" ئاگر پیرۆزە و لە پیرۆزی خۆرەوە هاتووە، چونکە خۆر لای ئەوان نووری خودایە و هێز و وزەیە، خۆر سەرچاوەی گەرمی و هێمای بەردەوامی و روناککردنەوەی ژیانە، ئەوان پێیانوایە کاتێ خۆر هەڵدێت خێروبێر دەردەکەوێت، واتە رووناکی دێت و ژیان دەست پێدەکات. بۆیە ئەو کاتەی ڕێکۆ و پیرۆ دەچنە پەرستگای لالش هەر لە دەروازەکەوە مەشخەلی چرا ڕیز دەکرێن و ئەوان بە نێو چراکاندا ڕەت دەن، کاتێکیش دایکی پیرۆ لە ناو پەرستگاکە لەبەر ڕووناکی چراکان نزا دەکات و دەڵێ: "یا شێخ هادی تو درگای خێرێ بو پیرۆی وەکەی"

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چراکان دیمەنێکی فانتازی بەو دیمەنە دەبەخشن کە وەک سیمبولێک وان بۆ کاری چاکە و چارەسەری ئەو دۆخەی پێرۆی تێکەوتووە. هەر لە دیمەنی دواتر دایکی پێرۆ بە ناو لەپی دەستی ئاوی کانییەکە ڕادەدات و نزا بۆ هەردووکیان دەکات، چراکان دەدروشێنەوە، پێرۆ لە بەر ڕووناکی ڕووخساری دەشوات و گەش دەردەکەوێت، ڕێکۆش لەبەردەم نووری چراکان چاوەکانی داخستووە و بێدەنگ وەستاوە.

لە کۆی چیرۆکی فیلمەکەدا، زیاتر لە (١٥) جار ناوی مەلەکی تاوس یان "تاوسە مەلەک" بەر گوێی بینەر دەکەوێت، مەلەکی تاوس سیمبولی دادپەروەری و فریادڕەسە لای ئێزیدیەکان و گەورەی هەموو فریشتەکانە و بریتییە لە "عەزازیل" یان بە عەرەبی (عزائیل) و بە ئینگلیزیش پێیدەڵێن ( the peacock angel). مەلەکی تاوس بە یارمەتی و هاوکاری حەوت فریشتەی دیکە حوکمی هەموو زەوی دەکات، ئەو حەوت فریشتەیەش لە ژێر فەرمانی خودای گەورەدان. لە هەردوو باردا لە ناخۆشی و مەرگەسات، لە خۆشی و بەزمەسات، وەک سیمبولی بەهاناوەچوون و فریادڕەس، هاوار بۆ مەلەکی تاوس دەبەن، ئەوەتە ئەوکاتەی "پێرۆ و ڕیکۆ" مارە دەبڕێن لە ژێر ناو و فەرمانی مەلکی تاوس ئەو گرێبەستی هاوسەرگیرییە ڕادەگەیەنن، هەروەها کاتێ دۆخی پێرۆ دەگاتە لوتکەی هەرسهێنانی پەیوەندییەکان هاوار بۆ مەلەک تاوس دەبرێت، بەتایبەتی کاتێ بێ دەربەست و دەستەوەستانن لە ئاست ئاریشە نەخوازراوەکاندا.

لە خولەکی (٥٣)ی فیلمەکەدا، ئەو کاتەی پێرۆ لە گەڵ دایکی و ڕێکۆ لە چێشتخانەیەک دەیانەوێت نان بخۆن، دیارە ڕەوشی "پێرۆ" ڕوو لەباشەیە و لەگەڵ ڕێکۆ خەندە و ڕازونیاز ئاڵوگۆڕ دەکەن، لەوکاتەدا کە پێرۆ یەکەم کەوچکی خواردنەکەی بۆ دەمی دەبات، دەنگی بانگدانی مەلا لە بڵندگۆی مزگەوتەکەی تەنیشتیانەوە بەرز دەبێتەوە، پێرۆ بە بیستنی ئەو دەنگە باری دەروونی تەواو تێکدەچێ و دەشڵەژێ، یەکسەر هەڵدەستن و چێشتخانەکە جێدەهێڵن، ئەو دەنگە بۆ پێرۆ ساتی وەبیرهێنانەوەیە کە چۆن داعشەکان لە پەنا ئایەت و فەرموودەوە دەست درێژیان کردە سەری و هەر شەوێ بە پاساوی شەرعی لە باوەشی پیاوێکی ریشدرێژی دوور لە هەموو هەست و نەستێکی ئینسانی ئاڵوگۆڕێ پێوە دەکرا، ئەو دەنگە کە دروشمی سەر ئالای داعشیش بوو، بۆ پێرۆ وەک سیمبولی یادەوریەکی ناخۆش وێنا دەکرێت و ئەو لە ژێر ناوی خودا و ئاییندا کچیەتی هەلاهەلا کرا، بۆیە هەر کاتێ گوێی لە بانگدانی مەلا دەبێت ئەو هەراسان دەبێ و دەبورێتەوە. ئەو دەیەوێت هەموو ئەو ڕابوردووە تاریکانەی ژیانی لە بیر بکات و نەفرەت لەو ڕۆژانە بکات، بۆیە هەموو ئەو جلوبەرگانەی سەردەمی بە "سەبایە"بوونی کۆدەکاتەوە و لە تەنوورەکەی دایکی دایانسوتێنێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4-1. ئەنجام، پێشنیاز:

4-1.ئەنجام:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا لە هەڵسەنگاندن گفتووگۆکردنی بابەتەکان وەک توێژەر بەم ئەنجامە گرنگانە گەیشتووم:

١- سیمبول لە ناو فیلمدا ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بەرەوپێش بردنی ناوەڕۆکی فیلم.

٢- سیمبولەکان لە ناو فیلمدا کاریگەری لەسەر قوڵبوونەوەی شێوە و ناوەڕۆکی فیلم دەکەن.

٣- دەتوانرێ جینۆسایدەکانی کوردستان لە ڕێی سینەماوە بە دونیا بناسێنرێت.

٤- لە فیلمی (ڕەشەبا)دا سیمبولەکان بە شێوەیەکی دروست و هونەری بەکارهاتوون و ڕۆڵی دەرهێنەر بەسەر کۆی فیلمەکەوە دیارە.

٥-سیمبول لە فیلمی سینەماییدا پێویستە لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی بەرجەستە بکرێت.

4-1.پێشنیاز :

لە دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا بە ئامانجی فراوانکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی زانیاری دروست و ئەکادیمی، دەربارەی ڕۆڵی دەرهێنەر لە بەکارخستنی سیمبول و مانا شاراوەکانی جینۆساید لە فیلمی کوردی-فیلمی ڕەشەبا بە نموونە. پێشنیازی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەم:

١- گرنگیدان بە توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار لەسەر بابەتی دەرهێنانی سینەمایی و گرنگیدان بە فیلم و سیناریۆ و بەکارهێنانی سیمبولەکان بە شێوەیەکی زانستی لە فیلمی کوردیدا.

٢- گرنگیدانی زیاتر بە جینۆسایدەکانی کوردستان و بەکارخستنیان لە سینەما، ڕۆڵێکی گرنگ دەبێت بۆ ناوەندەکانی سیاسی و کلتوری جیهان.

٣-بەکارخستنی هەموو ئەو سیمبولانەی لە ناو شیعر و چیرۆک و هونەرەجوانەکاندا هەیە لە فیلمی سینەمایی ڕەنگ بداتەوە.

## سەرچاوەکان

به زمانی کوردی:

١-غەریب زادە، حوسێن عەبدوڵا، (٢٠١١) مێژووی سینەمای جیهانی، چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر.

٢-حسێن، ئاوارە، (٢٠١٧)، جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣-جەی کیلی، پرۆفیسۆر د.مایکڵ، (٢٠١٥) تارماییەکانی هەڵەبجە، سەدام حسێن و جینۆسایدی کورد، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، دەزگای جەمال عیرفان، چاپی دووەم، سلێمانی.

٤-حسێن، ئاوارە، (٢٠١٧)، جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

٥-عەبدە، زەمان، (٢٠١٠)، مەرگەساتی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٦-تۆفیق، محەمەد حەمەساڵح، (٢٠٢٠) جینۆسایدی ئەرمەن و ڕۆڵی کورد تێیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی.

٧-سلێمان، تەها، (٢٠١٦). جینۆسایدی کورد "تاوانی ئەنفال"، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٨-بۆین، جۆن، (٢٠١٤)، کوڕژیگە بێجامە خەتخەتەکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

٨- باسیرە، د. سالار ، (٢٠١٣) جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە نێودەوڵەتی کردنی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٩-ئەکبەر، حەسەن، (٢٠١٢)، پەرجووی سینەما، پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

١٠-حەمە، سوار، (٢٠٢٢)، چاوپێکەوتن، سەندیکای هونەرمەندان، هەولێر.

١١- سالار، ئەحمەد، (٢٠٠٩)، ڕەنگ لە ڕەنگداندا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

بە زمانی عەرەبی:

١٢-الابجدي، المنجد، (١٩٨٦)، الطبعة الخامسة، دارالمشرق، بيروت-لبنان.

١٣-ناجی، أ.م.د هبة عبد المحسن، (٢٠١٨) تطور أساليب السرد فی الفنون البصرية، جمعية امسيا مصر، مصر.

بە زمانی فارسی:

١٤-سید رضا، حسین، (١٣٨٧)، مکتبهای ادبی، جلد دوم، تهران.

بە زمانی ئینگلیزی:

15-Frank Chalk and Kurt Jonassen, (1990) The History and Sociology of Genocide: Analysis and Case Studies (New Haven and London) Yale University Press.

توێژینەوە و وانەکانی زانکۆ:

١٦-سالار، هونەرمەند ئەحمەد، (٢٠٢٢)، ڕۆڵی شانۆی ئاهەنگسازی لە بزاڤی شانۆی کوردیدا، بەشی سینەما، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سلاحدین، هەولێر.

١٧-حەمەد، د.پەخشان سابیر، (٢٠١٢)، سیمبول لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجیی خوارووی کورستان،١٩٧٠-١٩٩١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٨-تاهیر، ژیلوان، (٢٠٢١)، وانەی تەکنیک و تەکنەلۆژیای فیلم، کۆلێژی هونەرەجوانەکان-هەولێر.

گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان:

١٩-عبدالرحمان، خوبەیب نادر، (٢٠١٩)، کورتەیەك لە مێژووی جینۆساید، ماڵپەڕی دەڤەری بارزان.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٠-ئەحمەد، عەدنان، (٢٠٢١)، جینۆساید تاوانێکی گەورە و وانەیەکی بچووک، گۆڤاری ئایندەناسی، سلێمانی.
٢١-ئەحمەد، هاوڕێ، (٢٠٢١)، تاوانی جینۆساید لە یاسا و دادگا نێودەوڵەتییەکاندا، چاپی یەکەم، ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی، سلێمانی.
٢٢-وەڵەدبەگی، ئازاد، (٢٠٢١) تاوانی ئەنفال لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، سایتی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی، ئەڵمانیا.
٢٣-قانع، مەریوان وریا، (٢٠٠٨)، ئەنفال وەک جینۆساید، ئەنفال وەک برینێکی نەتەوەیی، گۆڤاری عەرعەر، سلێمانی.
٢٤-عەبدوڵلا، خەبات، (٢٠٢٢)، ئەنفال وەکو کایەیەکی سۆسیۆلۆژیی، سایتی زەمەن، سلێمانی.
٢٥-ڕەشید، ئارام، (٢٠٢٠)، ڕێنماییەکانیکورۆساوا بۆ فیلمسازان، ماڵپەڕی سولیۆن، سلێمانی.
٢٦-چانێل، زە گاردیان یوتیوب، (٢٠١٧) سەبارەت بە فیلمی کافێ سۆسایەتی، دیمانە لەگەڵ ودی ئالن، و.لە ئینگلیزییەوە: ساڤان ئاکۆ، ماڵپەڕی دیدی من، سلێمانی.
٢٧-جودی، حەسەن، (١٩٩٢)، فیلمەکانم ژیانمە، گۆڤاری سینەما، ژمارە (٢)، کۆمەڵەی سینەما
٢٨-جامی، نیهاد، (٢٠١٧)، سەرەتایەک بۆ سیمیۆلۆژیا، وێبسایتی پلاتفۆڕمی دابڕان، سلێمانی.
٢٩-محەمەد، هاوار، (٢٠١٣)، سیمبولیزم چییە؟، سایتی نۆمار، هەولێر.
٣٠-کارێزی، تاریق (٢٠٢٢)، ستاتیکای پۆشاکی کوردی، ماڵپەڕی گۆڤاری گوڵان، هەولێر.
فیلمە سینەماییەکان:
٣١-کەریمی، تەها، (٢٠١٢)، فیلمی بەکرێگیراوی سپی، سلێمانی.
٣٢-ئەمانی، تۆفیق، (٢٠١٥)، فیلمی ئاپارتمانی مێرووڵەکان، بەڕێوەبەرایەتی سینەمای گەرمیان.
٣٣-عەلیدی، شەهرام، (٢٠١٥)، فیلمی سرتە لەگەڵ با، بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر.
٣٢-حەسەن، حوسێن، (٢٠١٦)، فیلمی ڕەشەبا، بەڕێوەبەرایەتی سینەمای دهوک.

# The Role of the Director in the Use of Symbols and Hidden Meanings of Genocide in Kurdish. Film (Rashaba) as an Example.

**kareem Ghafour Fattah**
Department of Cinema and Theatre art, College of Fine Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
kareemokfilm@gmail.com

**Dr. Zhilwan Tahir Bapir**
Department of Cinema and Theatre art, College of Fine Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
zhilwan.tahir.66@ gmail.com

***Keywords***: *The Role, Director, Genocide, Symbol, Cinema.*

## **Abstract**:

This research entitled (The Role of the Director in the Use of Symbols and Hidden Meanings of Genocide in Kurdish Film, (Rashaba) as an Example) is to investigate and analyze the symbols and hidden meanings in Kurdish Films It has been used by directors to express their thoughts and opinions through these symbols and meanings and thereby connect the audience to the content and subject matter of the films.

This research follows the descriptive method, through the analysis and presentation of the symbols and signs of genocide in Kurdish films, as an example and further deepen the research we have chosen the film (Rashaba) Kurdish director "Hussein Hassan" to identify the symbol The meanings used in the film, then analyze them scientifically and based on the data, information and theories of film critics.

The content of the research consists of an introduction and three main discussions, namely the general research framework and the network aspect of the research, followed by the implementation aspect of the research (analysis of the symbols and references used in the film (Rashaba). In the course of the research, we found that symbols are very important for understanding and analyzing films, which will promote Kurdish films in the way they work. It also brings depth and multidimensionality to the films and takes them to a broad aesthetic and intellectual level.

# دور المخرج في توظيف الرموز والمعاني المخفية للإبادة الجماعية في الفيلم الكردي

**ملخص:**

هذا البحث بعنوان (دور المخرج في توظيف الرموز والمعاني المخفية للإبادة الجماعية في الفلم الكردي) فلم "العاصفة-ڕەشەبا" نموذجآ. هو تقصي وتحليل الرموز والمعاني المخفية في الأفلام الكردية وقد استخدمه المخرجون في التعبير عن أفكارهم وآرائهم من خلال هذه الرموز والمعاني وبالتالي ربط الجمهور بمحتوى الأفلام وموضوعها.

يتبع هذا البحث المنهج الوصفي من خلال تحليل وعرض رموز وعلامات الإبادة الجماعية في الأفلام الكردية كمثال ومزيد من تعميق البحث الذي اخترناه لفيلم (العاصفة-ڕەشەبا) المخرج الكردي "حسين

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حسن" للتعرف على رمز المعاني المستخدمة في الفيلم ، ثم تحليلها علميًا بناءً على بيانات ومعلومات ونظريات نقاد الفلم.

يتكون محتوى البحث من مقدمة وثلاث مواضيع رئيسية هي الإطار العام للبحث وشبكة البحث، يليها الجانب التطبيقي للبحث (دراسة وتحليل الرموز ولمؤشرات المستخدمة في فيلم العاصفة-ڕەشەبا). في سياق البحث وجدنا أن الرموز مهمة جدًا لفهم وتحليل الأفلام، مما سيعزز الأفلام الكردية بالطريقة التي تعمل بها. كما أنه يجلب العمق والأبعاد المتعددة للأفلام ويأخذها إلى مستوى جمالي وفكري واسع.